# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە


## دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

گفتوگۆی ئەنتەرناسیونال لەگەڵ مەنسور حیکمەت...ل10-11

بەشی یازدەهەم


ساڵی هەشتەم ژمارە (180) بەرواری 1-12-2024

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## نابێ ڕێگە بدرێت موچەی مانگەکانی ئەم ساڵیش بدزرێت!!




دابەشکردنی موچە لە (10) ساڵی ڕابردوودا

| مانگەکان | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 | 2022 | 2023 | 2024 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | خەرجکرا | لێبڕینی 21% | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا |
| 2 | خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | لێبڕینی 21% | لێبڕینی 21% | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا |
| 3 | خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | لێبڕینی 21% | لێبڕینی 21% | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا |
| 4 | خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | خەرج نەکرا | لێبڕینی 21% | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا |
| 5 | خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | خەرج نەکرا | لێبڕینی 21% | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا |
| 6 | خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | خەرج نەکرا | لێبڕینی 21% | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا |
| 7 | خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | خەرج نەکرا | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا |
| 8 | خەرجکرا | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | خەرج نەکرا | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا |
| 9 | پاشەکەوت | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | لێبڕینی 18% | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرجکرا |
| 10 | پاشەکەوت | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | لێبڕینی 21% | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرج نەکرا | چارەنوسی نادیارە |
| 11 | پاشەکەوت | چارەکە موچە | چارەکە موچە | پاشەکەوتی بەشێک | خەرجکرا | خەرج نەکرا | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرج نەکرا | چارەنوسی نادیارە |
| 12 | پاشەکەوت | چارەکە موچە | پاشەکەوت | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرج نەکرا | خەرجکرا | خەرجکرا | خەرج نەکرا | چارەنوسی نادیارە |

ئێستا کۆتایی مانگی ١١ یە، کەچی موچەی مانگی ١٠ موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دابەش نەکراوە و هەرەشەی موچەی مانگەکانی ١١ و ١٢ی ئەمساڵیش، وەکو مۆتەکە هەرەشە لە فەرمانبەران دەکات. ئەم دواخستنی موچەو لێبڕین و نەدانی موچە، لە ساڵی ١٠١٤ وە تاکو ئێستا درێژەی هەیە، ئەمە وای کردووە دۆخی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان

بۆ لاپەڕە 3

## بڕیارێکی درەنگ وەختی دادگای نێودەوڵەتی بۆ چەند تۆمەتبارێکی جەنگ و جینۆساید!!



دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، لە بەرواری ٢١ نۆفەمبەر فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ بنیامین نەتەنیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و یوئاڤ گالانت، وەزیری بەرگریی پێشوی ئەو وڵاتەو هەروەها محەمەد زەیف، فەرمانددەی کەتیبەکانی عزەدین قەسام باڵی سەربازیی بزوتنەوەی حەماس دەرکرد.

دادگای دادی نێودەوڵەتی سەبارەت بەو بڕیارە دەڵێت، فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ

بۆ لاپەڕە 3



## کەمپەینی بۆپێشەوە

ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز بەدژی یاسای هەمواری باری کەسێتی و بەیاساییکردنی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان...بۆ بۆپێشەوە دەدوێن... لاپەرە 5

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


- بە ڤاکسینی هەڵبژاردنیش لەناو ناچن..................................................ل4
- کاکەلاو تەحسین وەڵامی پرسی ڕۆژی داوەتەوە.................................ل6
- شۆڕشەکان بۆ سەردەمی ئێستا چیمان پێدەڵێن....................................ل7
- چیرۆکی ئاڵای سور.........................................................................ل9





## دۆسیەی ژمارە "سەبارەت بەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"

هاوڕێ ئەبو کاروان وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە ل12

## وتەی ژمارە

## ئایا هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان سەرکەوتنی مێژووی بوو؟

بەدوای هەڵبژاردنەکانی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی و سەرجەم بەرپرسانی حزبی و حکومی!! پارتی... لەهەموو بۆنەیەکدا بەدوای یەکدا پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەستکەوتێکی گەورە و مێژووی بۆ خەڵکی کوردستان بوو.



بۆ پارتی و یەکێتی، هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان، سەرکەوتن بوو، بەتایبەتی بۆ پارتی. لە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەماندا، بەجیا لە گوشارەکانی بەغدا لەسەر هەرێم لە سەندنەوەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان لە کۆمیسیۆنی هەرێمەوە بۆ کۆمیسیۆنی بەغدا و کەم کردنەوەی ژمارەی دەنگدەرانی هێزە تایبەتیەکان...تاد، بەڵام پارتی و یەکێتی بەکەڵک وەرگرتن لە هیزە تایبەتییە چەکدارە حزبیەکانیان، هیزە ئەمنی و هەواڵگریەکانیان، لەشکری بن دیواریان، بانگەشەی زبر و قوتبی کردنەوەی بانگەشەکان لە بازنەی سەندنەوەی دەسەڵات و بلۆک بەندی نافەرمی هیزەکانی زۆنی سەوز و ئۆپۆزیسیۆن لەبەرامبەر بە باڵادەستی پارتی و قۆرغکردنی زوربەی جومگەکانی دەسەڵاتداریتی لە ئاستی فەرمانڕەوایی هەرێمدا و کاردانەوەی پارتی توانیان، ڕێژەی بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا لەچاو هەڵبژاردنەکانی پێشوو زیاد بکەن. زیاد بوونی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بە پلەی یەکەم هەڵخراندن و دوبارە هێنانەوەی هیزەکانی سەربەخۆیان بوو، نەک زۆربوونی ڕیژەی بەشداری هاوڵاتیانی ئاسایی.

پارتی و یەکێتی، لەم هەڵبژاردنەدا، هێزی تورەو تۆراوی خۆیان کردە بارمتەو ئامرازی ململانێی دەسەڵاتدارێتی نێوانیان و توانیان لەو ڕێگایەوە بەشێکی زۆر لەو هێزە، پەلکێشی ناو گەمەی هەڵبژاردن بکەن و لە دەست بڵاوی و بەخشینەوەی داهات و ئیمتیازاتی خەڵکی کوردستانیش کە پارتی و یەکێتی دەستیان بەسەردا گرتووە، دریغیان نەکرد، لە کاتێکدا موچەخۆران بێ موچەو هاوڵاتیان بێ خزمەتگوزارین. هاوکات یەکێتی وەکو دەسەڵاتی زۆنێک بە خۆ خستنە پێگەی هیزێکی ئۆپۆزیسیۆن و بانگەشەی وەرگرتنەوەی هەولێر! و خۆگرێدانی لەگەڵ هیزەکانی زۆنی سەوز و دەرەوەی دەسەڵات، توانیان بلۆکێکی نا ڕاگەیەنراو بۆ هەڵبژاردن

بۆ لاپەڕە 2


پرسی ڕۆژ ل5

کۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

# درێژەی وتەی ژمارە

لەژێر ناوی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی خۆسەپێن!! دروست بکەن و کە ئەمە وای کرد ڕێژەیەک لە خەڵکی توڕەو ناڕازیش خۆشباوەر بکات و رابکێشێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان...

لەبەرامبەردا پارتی لەژێر ناوی وەستانەوە بە پیلانگێری و بەندوبەستی یەکێتی لەگەڵ هیزی دەرەکی و بە کەڵک وەرگرتن لە پێگەی حکومەتداری و بەرگری لە شەرعیەت!! بەخشینەوەی ئیمتیازات و داهات... توانی هێزی تۆراو و توڕەی ناوخۆی لە بەرامبەر بە یەکێتیدا، دوبارە لە دەوری خۆی سازبداتەوەو بەم جۆرە چ پارتی و چ یەکێتی، لە ململانێی نێوان خۆیاندا، توانیان تا ڕادەیەک ئابدەیتی هێزی چوار دەوری و موچەخۆانی خۆیان بکەنەوە، بۆ ڕەوایەتی بەخشینەوەی بە دەسەڵاتی حزبۆکراتی و میلیشیایی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا بۆ دەورەیەکی تر.

چینی کریکار و خەڵکی بەشمەینەت و ناڕازی، لە درێژەی نەفرەت و نارەزایەتی پیشوویاندا، وەکو هێزی بایکۆت، دەنگ سوتینەر، خۆیان نیشاندایەوە، کە هێزێکی یەکجار گەورەی حاشا هەڵنەگری کۆمەڵگەی کوردستانە.

پارتی بە هێنانەوەی نزیک بەنیوەی دەنگی دەنگدەران!! دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەلایەن کۆمیسیۆنی هەڵبژارنەکان و بە بریارەکانی دادگای فیدرالی، رویاند بوو، جارێکی تر باڵادەستی خۆی لە کایەی هەڵبژاردنەکاندا بە ئەندازەی، باڵادەستی سیاسی خۆی بەسەر هەرێمدا داسەپاندەوە، بۆ پارتی ئەمە سەرکەوتنێک بوو، بەڵام ئەم سەرکەوتنە هێندەی سەرکەوتن بەسەر هێزەکانی نەیاریدا بوو، نیو ئەوەندە سەرکەوتنی پارتی بەسەر خەڵکی کوردستاندا نیشان نادات.

کرێکاران و کارمەند و موچەخۆران و خەڵکی بەش مەینەت، وەکو هیزێکی ناڕازی و رام نەکراو و هیزی ئاڵوگۆر لە هەرێم و هەردوو زۆنەکەدا، بە بەشداری نەکردن و بایکۆت و دەنگ سوتاندن... وەڵامی پارتی و یەکێتی و هیزەکانی تریان دایەوە، بە دەستی خاڵی و بە گیرفانی بەتاڵ و بێ حزب و میلیشیا و پشتیوانی هیزی دەرەکی نیشانیاندا، هیزی واقعی و ئاڵۆگۆر بەخشی ئەم دەسەڵات و دۆخە نەخوازراوەن. ئەم بزوتنەوەیە ئەگەر بەکردەوە نوێنەرایەتی بکرێت چ لە ئاستی شەقام و چ لە کایەی هەڵبژاردنەکاندا دەتوانێت هێزی ئاڵوگۆڕ بەخش و بەرجەستە بێت. بەداخەوە ئەم هێزە نوێنەرایەتی نەکرا.

وەکو سەرانی پارتی دەڵێن، پارتی سەرکەوت، چونکە توانی بەرگری لە پیگەی سیاسی و باڵادەستی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی بکات و وەکو هیزی یەکەمی سەر گۆرەپانی کوردستان بمێنێتەوە و درۆی گۆرێنی دیزاینی سیاسی دەسەڵاتداریێتی، هیزە سیاسیە نەیارەکانی مایە پوچ بکات. دیارە ئەوە ڕۆشنە تا یەکیتی و پارتی خاوەنی هیزێ چەکدار و ئەمنی و سەرچاوەکانی داهاتی زۆنەکانی خۆیان لەدەستدا بێت، هەم وەکو هیزی باڵادەستی سیاسی و هەم بەوێنەی کاراکتەری نیابەتی بۆ جێ بەجێکردنی سیاسەت و نەخشەی وڵاتانی ناوچەکە دەمێنەوە و هەم حکومەت و پەرلەمان "بەهەر ناوەرۆکێکەوە" بە بێ بەشداری یەکێکیان، دروست نابێت.

بۆ چینی کرێکار و جەماوەری بەش مەینەتی کوردستان... هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر هەمان رێچکەی خولەکانی پیشوو بەڕێوە چوو. ئەو ڕیچکەیەی کە پێشتر و بەر لە هەڵبژاردن تا خاوەنی هێزی چەکدار و هێزی تاڵانی داهاتی کوردستان بن... هێزی باڵادەستی زۆنەکانی خۆیان و هەرێمن و لەرێگای هەڵبژاردنەکانەوە کەنار خستنیان مەحاڵە. هەر چەشنە خۆشباوەرییەک کە پارتی و یەکێتی لە رێگای هەڵبژاردنەوە کەنار بخرین و دەسەڵاتیان لێ وەربگیرێتەوە، بەرهەمەکەی قوربانی بوونی وەهمێکی زهنییە.

ئەزموونی ٣٤ ساڵەی رابردوو یەک ئەزموونی تری نیشانداوە، ئەزموونی رابوون و نارەزایەتی جەماوەری کە مەترسی سەرەکی سەر دەسەڵات و سەرچاوەی گۆرانکارییە... ١٧ شوباتی ساڵی ٢٠١١ و خۆپیشاندانەکانی دواتر سەرباری بەرتەسکی و مانەوەی لە زۆنێکدا و باڵادەستی هیز گەلی پاریزەری سیستەم و پیرۆزی "قەوارەی هەرێم" بەرجەستەترین گۆرانکاری ناوخۆیی و هەرەشەی واقعی سەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی بوو. هەموو ئەو بەڵێنانەی لە پاڵ سەرکوت و کوشتار و فریوکارییدا، بۆ کۆتاییهێنان بەو بزوتنەوەیە دایان بە خەڵکی کوردستان لە بەڵێنی هەموو خولەکانی هەڵبژاردن زیاتر بوو. سزادانی تۆمەتباران، وەستانەوە بەرووی گەندەڵی و دزی و تاڵانی و بەڵێنی چاکسازی و سەروەری یاسا!! وتاد... لە ژێر گوشاری ئەو برگەیە لە بزوتنەوەی ١٧ شوباتدا، دەستی پێکرد.

پارتی و سەرانیان، مانەوەی پارتی وەکو هیزی یەکەمی هەرێم، بە وێنەی سەرکەوتنی مێژووی گەلی کورد، دەخەنە ڕوو، لەو ڕوانگەیەشەوە هێنانی نزیک بە نیوەی کورسیەکانی پەرلەمان!!، بەسەرکەوتن و دەستکەوتی مێژوویی نیشان دەدەن، ئامانجیشیان لەوەیە بە رای گشتی و دنیا دەرەوە بڵێن، کە پارتی هیزی شەرعی!! و یەکەمی هەڵبژێردراوی دیموکراسییە...لەو ریگایەشەوە میلیشابوون و تاڵانی داهات و خۆ سەپێنی و خۆبەستنەوەیان بە جەمسەری خزمەت پیشکەش کاریان، بشارنەوە. چ پارتی و چ یەکێتی، ئەگەر لە هێزی چەکدار و ئەمنی و دەست بەسەراگرتنی داهاتی زۆنەکانی کوردستان، دابماڵرێن... بەهۆی کارنامەیەکی نەنگینی زیاتر لە ٣ دەهەی دەسەڵاتداریێتیان، نەک لە شەورۆژێکدا چینی کریکار و خەڵکی بەش مەینەت رایان دەماڵن، بەڵکو سەرانیان دادگایی دەکەن و بۆ هەمیشە بە کارخانەی مێژووی دەسەڵاتە سەرکوتگەر و تاڵانچیەکانیان دەسپێرن.

عەبدوڵا مەحمود

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

**پارتی بە هێنانەوەی نزيك بەنيوەی دەنگی دەنگدەران!! دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەلايەن كۆميسيۆنی هەڵبژارنەكان و بە بريارەكانی دادگای فيدرالی، رویاند بوو، جارێكی تر باڵادەستی خۆی لە كايەی هەڵبژاردنەكاندا بە ئەندازەی، باڵادەستی سياسی خۆی بەسەر هەرێمدا داسەپاندەوە، بۆ پارتی ئەمە سەركەوتنێك بوو، بەڵام ئەم سەركەوتنە هێندەی سەركەوتن بەسەر هێزەكانی نەياريدا بوو، نيو ئەوەندە سەركەوتنی پارتی بەسەر خەڵكی كوردستاندا**

# درێژەی: نابێ ڕێگە بدریت موچەی مانگەکانی ئەم ساڵیش بدزرێت!!

بەگشتی و بەتایبەتی موچەخۆران ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراپی بچێت و لێکەوتەی جیاواز بەدوای خۆیدا بهێنێت و ئاستی چاوەروانیەکانیان لە ژیان بهێنێتە خوارەوە.

ئەوە لە کاتێکدایە لە ساڵی ٢٠١٤ وە تاکو ئێستا، دەیان و سەدان جار سەرانی حزبەکانی دەسەلات بەڵێنی کۆتایی هێنان بە دواکەوتنی موچەیان داوە، بەڵێنی گێرانەوەو قەرەبووکردنەوەی دواکەوتن و لێبرینی موچە و پاشەکەوتیان!! داوە، سەدان شاندی هەرێم بەرەو بەغدا رۆشتوون و لە گەرانەوەیاندا، شەیپوری سەرکەوتنی دیبلۆماسیەتی کوردی و بەڵینی چارەسەر بوونی پرسی موچەیان داوە، تەنانەت هەر لایەنە کەمپەینی شانازی و سەرکەوتن و میدالیای ڕێکەوتنی لە بەرۆکی خۆی داوە، کەچی پرسی موچە وەکو خۆی ماوەتەوە و بەچارەسەر نەگەیشتووە.

کرێکاران و کارمەندان لە کۆمپانیاکان و دامەزراوەکانی هەرێمدا کار دەکەن و پێویستە لەو جێگایانە و لەکاتی خۆیدا موچە وەربگرن، کەچی چ ئەو کاتەی سەرجەم داهات لەدەستی دەسەڵاتی هەرێمدا بوو، چ لەدوای ١٧ ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٦ وە کە پرسی نەوت و غازو تا رادەیەکی زۆر ئابوری لە دەستی دەسەڵاتی هەڕیم بەپێی بریارەکانی دادگای فیدرالی لەدەستی دەسەڵاتی هەڕیم دەرهێنراوە، موچەی فەرمانبەران بۆتە قوربانی ململانێی نێوان بەغداو هەرێم لەلایەک و سەری ڕەش و دەباشان لەلایەکی ترەوە.

لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دوایەشدا، چ لایەنە دەسەڵات بەدەستەکان و چ لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی، بەڵێنی پرسی چارەسەرکردنی موچەیان دا، کەچی دیسان موچە و دواکەوتنی بەردەوامە و هیچ ئاسۆیەکیش بۆ کۆتایی هێنان بەو گرفتە، لە ئارادانییە.

دەسەڵاتی سیاسی هەرێم بەغدا بە هۆکاری نەناردنی بودجە و شایستە داراییەکان و دواکەوتنی موچە و تۆمەتبار دەکات و دەسەڵاتی بەغداش دەسەڵاتی هەرێم بەهۆی پابەند نەبوونی بە ڕیکەوتنامەکان بەتایبەتی نەناردنی داهاتی نانەوتی تۆمەتبار دەکات، جیا لەوانە پارتی یەکێتی بە نەناردنی داهاتی زۆنی سەوز بۆ خەزێنەی گشتی!! تۆمەتبار دەکات و یەکێتی، وەکو دەسەلات لە پێگەی ئۆپۆزیسیۆندا خۆی دەردەخات و پارتی بە هۆکاری دواکەوتنی موچە دەزانێت... لەو نێوەدا ئەوەی سفرەی ماڵەکانی خاڵی ومناڵەکانی بێناز و گیرفانی بەتاڵە، فەرمانبەرانی هەرێمن.

لە ئێستادا کە موچەی مانگی ١٠ نەدراوە و لە نێوان هات و نەهات و ناردن و نەناردندا گیری خواردووە، هەرەشە لە موچەی مانگەکانی داهاتوش هەیە، ئەوە لە کاتێکدایە کە سەرما و پرسی سوتەمەنی یەخەگیری کۆمەڵگەیەو پشوەکانی سەری ساڵ بە ڕێگاوەیە.

لە کاتێکدا لەزۆربەی هەرە زۆری دنیادا، هاولاتیان خۆیان بۆ ئاهەنگەکانی سەری ساڵ ئامادە دەکەن و خەریکی بازار کردن و خۆشی و پشوو شادی دەربڕین و بەشیکی زۆری بەرپرسان و سەرمایەدارانی هەرێم ئامادەکاری دەکەن بۆ بەشداری لە خۆشیەکانی سەری ساڵ و بەرنامەی گوێزانەوەی خۆشی و شادیان هەیە بۆ ولاتانی تری دنیا، بەڵام موچەخۆرانی هەرێم، بەدەست وەرنەگرتنی موچەیەکی ناچیزەوە گیرۆدەن.

فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێم، بە کردەوە لەبەردەم دوژمنێکی دڵرەق و سیستەمێکی حزبۆکرانی بنەماڵەییدان، ئەم سیستەم و دەسەڵاتە حزبۆکراتییە، نامۆیە بەهەموو دەسەڵاتێکی باوی ئەم سەردەمە... لە هیچ گۆشەو جێگایەکی ئەم دنیایەدا بەو جێگایانەشەوە کە دەرگیری جەنگ و کوشتارن و لەگەڵ دەسەڵاتی تاسەر مۆخ کۆنەپەرست و خوێنریژ بەرەو ڕوون، موچەی فەرمانبەران دواناکەوێت و لیَ ناقرتێنرێت... کەچی دەسەڵاتی بەدرۆ و ساختەی شانازی بەخۆوە کردوی کورد و بەدیاریکراوی پارتی و یەکێتی، سەرباری کێویک لە سەروەت و سامان و دزی سیستماتیک، خۆیان لە دابەش کردنی موچە دەدزنەوە.

ئەم دەسەڵات و سیستەمە میلیشیاییەی پارتیی و یەکێتی و هاوبەشەکانیان، هیچ بژاردەیەکیان بە چینی کرێکار و جەماوەری بەش مەینەت نەهێشتۆتەوە، جگە لە راماڵین و تورانیان بۆ مۆزەخانەی دەسەڵاتە تالانچییەکانی میژووی مرۆڤایەتی. پیویستە و دەبیَ بۆ ئەو نەبەردە ئامادەبین... ئایندەیەکی باشتر و موچە و خزمەتگوزاری پێویست لە ژێر سایەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیاندا وەهمە، بۆیە چارەسەر زوو رزگاربوونە لەدەستیان بە کۆتاییهێنان بە دەسەڵات وهەژموونیان.

# درێژەی: بریارێکی درەنگ وەختی دادگای نێودەوڵەتی بۆ چەند تۆمەتبارێکی جەنگ و جینۆساید!!


نەتەنیاهۆ و گالانت بەهۆی ئەنجامدانی "تاوانی جەنگ" لە غەززە دەرکردوە، لەوانە بەکارهێنانی برسیکردنی خەڵک وەکو چەک و هەروەها کوشتن و کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی مەدەنی لە هێرشەکاندا بۆسەر غەززە...

بریاری دادگای نێودەوڵەتی بۆ نەتانیاهۆ و وەزیری بەرگریەکەی، هەم درەنگ وەخت و هەم زۆر کەمە... لەلایەکەوە پێویست بوو زۆر زوو هەم نەتانیاهۆ و وەزیری بەرگری بدرێنە دادگاو بریاری دەستگیرکردنیان بۆ دەربچیت، هەم سەرجەم کابینە جەنگی و بەرپرسانی تری مەیدانی بەتاوانی ئاشکرای وێرانکاری و کۆکوژی لە غەززە، بریاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوبایە، تا لانی کەم دەستیان بلەرزێت لەو هەموو تاوانەی رۆژانە ئەنجامی دەدەن و خەریکیشن هەمان تاوانکاری و کۆکوژی بگوازنەوە بۆ لوبنان و تەنانەت ئەگەر بۆیان بکرێت بۆ ناوچەکە...

ئەم بریارەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی گورزێکی کەمەر شکێنە بۆ دەسەڵاتی نەتانیاهۆ و سەرجەم دەوڵەتی ئیسرائیل... گومان لەوەدا نییە، گەیشتنی دادگای نێو دەوڵەتی بۆ بریاردان بە دەستگیرکردنی نەتانیاهۆ و وەزیری بەرگرییەکەی، بەجیا لە گوشاری فراوانی شەقام کە لە بزوتنەوەی دژە داگیرکاری و جەنگدا بەرجەستەبۆتەوە، هاوکات لە ژێر گوشاری رای فەرمیدایە لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەتی کە دەوڵەتی ئیسرائیل بەجیا لەوەی پابەندی هیچ بریارێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نابێت و تەرو وشک بەیەکەوە دەستوتێنێت، خەریکە هەمان تاوانکاری و کوشتار دەگوازێتەوە بۆ لوبنان. جیا لەوانە دادگای دادی نێو دەوڵەتی وەکو بەرهەمی دیموکراسی بۆرژوازی، لە ژێر گوشاری ریسوایی دیموکراسی بۆرژوازیدایە. ئەمریکا و غەرب بەکردەوە هاوکارو پشتیوانی ئەم کۆمەڵکوژییەی دەوڵەتی ئیسرائیلن. دنیا شاهیدی ئەو راستییەیە کە ئەگەر ئیسرائیل لە پشتیوانی بەردەوامی جبەخانەی سەربازی و مادی و مەعنەوی ئەمریکا و غەرەب بەهرەمەند نەبوایە، وە ئەوان لە ژێر ناوی" مافی بەرگری لەخۆکردن"دا، دەستیان بۆ جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین و غەززە لەلایەن ئیسرائلەوە ئاوەڵا نەکردایە، دەوڵەتی ئیسرائیل زۆر زوو ناچار بەوە دەبوو، هەم دەستپاریزی بکات و هەم جەنگ رابگرێت و بچیتە سەر میزی گفتوگۆ. دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی دەیەوێت شانی خۆی لەم شەرمەزاریە خاڵی بکاتەوە و دیموکراسی بۆرژوازی لە تاوانەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، داببرێت. کاردانەوەی خێرای دەیان دەوڵەت لە ئەوروپادا، بۆ جێ بەجێکردنی داوای دادگا و دەستگیرکردنی نەتانیاهۆ، نیشانەی ئەوەیە کە دەوڵەتەکانی ئەوروپاش هیچیتر ناتوانن بێدەنگە لەم تاوانکاریانەی ئیسرائیل بکەن کە ئیستا دەکرێت، بەتایبەتی بۆسەر لوبنان، ئەوە جیا لەوەی قڵشتی ئاشکرای خستۆتە وڵاتانی ئەوروپا لەلایەک و لەگەڵ ئەمریکاش لەلایەکی ترەوە.

دەوڵەتی ئیسرائیل و نەتانیاهۆ بەجیا لەوەی هیشتا بەکەمترین ئامانجیان نەگەیشتوون، ئاسۆیەکیش بۆ بە ئامانج گەیشتنیان لە ئارادا نییە، کەچی بۆ داپۆشینی ئەم شکستەیان هەموو هەوڵیک دەدەن، تا شکستییان بشارنەوە. بەڵام تاوانەکانیان هێندە زەق و بیَ پاساون، خۆشخزمەترین دادگا، ناتوانێت تا سەر چاوپۆشی لەو تاوانکاریانە بکات، بۆیە بۆ گێرانەوەی ئابڕوی خۆی و بەڵینامەیەک کە ئەم دادگایەی بۆپێک هاتووە، ناچارە ئەگەر درەنگ وەختیش بێت، هەڵوێستەیەک بکات. ئەم بڕیارە درەنگ وەختەش تەنها بۆ چەند تۆمەتبارێک لەناو دەیان تۆمەتباری تردا، هەڵوێستەیەکی کەمە، بەڵام بۆ ئیسرائیل و نەتانیاهۆ زۆر.

دیارە کاردانەوەی نەتەنیاهۆ راگەیاندنی بەوەی فەرمانی دەستگیرکردنەکانیان "رەفتارێکی دژە جو" ە، "ئیسرائیل دەکاتە ئامانج". پەی بردنە بەقورسی بریارەکە، بۆیە دەیەوێت ئەم بریارە لە دژی خۆی و وەزیری بەرگریەکەی وەکو هیرش بۆسەر ئیسرائیل و جوەکان بخاتە ڕوو، نەک بەرووی دوو تاوانباری چنگ بەخوێن و کەسایەتی کارای وەرێخسینی جینۆساید، کە قوربانییەکانی بەربەرچاوی دنیاو یەهودی و ئیسرائیلەکانەوە دیارە، نەتانیاهۆ دەیەوێت ئیسرائیلیەکان و جوەکان، بکاتە کەرەستەی ململانیَ لە دژی بریاری دادگا و هاوکات دەیەوێت شانی خۆی و بەرپرسەکانی وەکو کاراکتەری دیار لەناو دەستەواژەی ئیسرائیلی و جوەکاندا، خاڵی بکاتەوەو بەرگێکی سیاسی بەو پرسە بدات، لەکاتێکدا لە بنەرەتدا ئەم بڕیارە یاسایی و دیاریکراوە لەسەر دۆسیەی ئاشکرای حاشاهەڵنەگر.



# بە ڤاکسینی هەڵبژاردنیش لەناو ناچن

نووسینی: ڕێبوار یاسین فەتاح

وەسفکردنی پارتی و یەکێتی بە "ڤایرۆسی کوشندە"، مێتافۆرێکی بەهێزە کە زۆرجار بەکاردێت بۆ دەربڕینی بێزاری قووڵ لە قەوارە سیاسییەکان کە وەک ڕەگ و ڕیشەی قووڵ و خۆڕاگر لە بەرامبەر گۆڕانکاریەکان یان "چارەسەرەکان" دەبینرێن. بەیاننامەکە ئەوە دەگەیەنێت کە گەلی باشوری کوردستان سەرەڕای هەوڵی زۆر یان کە هەڵبژاردن وەک "ڤاکسین" دەبینن بەهیواو ئامانجی چاکسازی، هاوسەنگکردن، یان سنووردارکردنی دەسەڵاتیان، کە بەردەوامن لە زاڵبوون بەسەر سیاسەتی کوردیدا بە شێوەیەک کە زۆرینەی کورد ئەو دوو حیزب و بنەماڵەیە بە زیانبەخش دزو و گەندەڵ و جاش و خۆفرۆش و داردەستی داگیرکەران و مەترسی بۆ ئایندەی دۆزی کورد و کوردستان دەزانن.

لێرەدا وردەکارییەکی زیاتر دەخەینەڕوو کە بۆچی؟

ئەمانە لە "ڤایرۆس" پیستر و ترسناکترن.

پارتی نادیموکراتی کوردستان و یەکێتی دەیان ساڵە کایەی سیاسیان قۆرخ کردووە. لە کاتێکدا بەدرۆی خۆیان لە بنەڕەتدا بۆ خەبات و بۆ خۆسەری و مافەکانی کورد دامەزراون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بوونەتە دەسەڵاتی دامەزراو لەناو کوردستانی باشور، کاریگەری سیاسی ئەوان نزیکەی هەموو لایەنەکانی حوکمڕانی و ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی گرتۆتەوە، ئەمەش وایکردووە سەرهەڵدانی هەر هێزێکی سیاسی بەدیلی ئەو دوو حیزب لەڕادەبەدەر قورس بێت یاخود ئەگەر بزووتنەوەیەک سەری هەڵدابێت بۆ دژایەتی و بەدیلی ئەو دوو حیزبە ئەوە هەموو هەوڵێکی پیس و نەگریسیان داوە بۆ لاوازکردنی ئەو لایەنانە بە کڕین و بەرتیل پێدانی لایەنگران و ئەندام و کادیرە ناودار و چالاکەکانیان بۆ ئەوەی نەتوانن بەهێزبن و ببنە زۆرینە و ڕووبەڕوویان ببنەوە و ببن بە مەترسی بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان.

**ڕکابەری و دابەشبوون:**

ساڵانێکە ڕکابەریی نێوان پارتی و یەکێتی کوردستانی باشوری دابەشکردووە بۆ دوو زۆنی زەرد و سەوز، زۆرجاریش بەدرێژایی هێڵە جوگرافییەکان، پارتی ناوچەکانی هەولێر و دهۆکی کۆنترۆڵکردووە و یەکێتی باڵادەستی سلێمانییە. ئەم دابەشبوونە هەندێک جار پەرەی سەندووە و بووەتە ململانێی توندوتیژی، وەک ئەوەی لە شەڕی ناوخۆی کورد لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بینرا. ئەم ڕکابەرییە بەردەوامە، کۆمەڵگەیەکی جەمسەرگیری پەرەپێداوە و یەکگرتووی کوردی لاواز کردووە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا و هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان ئاڵۆزتر کردووە.

دەسەڵاتی خۆسەپێن و گەندەڵ:

بەردەوام و هەمیشە ڕەخنە لە هەردوو لایەن دەگیرێت بەهۆی گەندەڵی و بەرژەوەندی بنەماڵەی و خۆپەرستی و پراکتیزەکردنی تاکڕەوانە. ئەوان کۆنترۆڵی زۆرێک لە سەرچاوەکانی هەرێم دەکەن، لەوانە داهاتی نەوت و غاز و دەروازە سنوورییەکان و گومرگیەکان، زەوی و کەرتە سەرەکییە ئابوورییەکان. ئەم قۆرخکاریە ڕێگەی بە نوخبەیەک داوە کە پەیوەستن بەم حزبانەوە، تا سامانێکی بەرچاو بێ شومار کۆبکەنەوە لە ناو کوردستان و دەرەوەی کوردستان، لە کاتێکدا زۆرێک لە هاوڵاتیان لەگەڵ هەژاری و بێکاریدا دەناڵێنن و دەجەنگن. بەم مانایە لێکچوونی "ڤایرۆس" ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکە کە ئەم لایەنانە کە زیان لە گیانی نیشتمان دەدەن، نەک خزمەت بە خەڵک و نیشتمان بکەن، حکومەتی هەرێمیان نوقمی قەرز و گەندەڵی کرووە و ئامانجیان زیاتر بەرژەوەندی بنەماڵە و خۆپەرستیە نەک خزمەتکردنی گشتی.

**بەرەنگاربوونەوەی چاکسازی:**

زۆر هەڵ و داوای چاکسازی سیاسی لە ناو کوردستانی باشوردا کراوە، چ لە لایەن خەڵک و چ لە لایەن هاوپەیمانە!! نێودەوڵەتییەکان. بزووتنەوەکانی ئۆپۆزسیۆن بۆ شەفافیەتێکی زیاتر، دەستپێشخەری دژە گەندەڵی و بانگەشەی چاکسازی دیموکراسیان دەستپێکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکارییەکی مانادار زۆرجار بەهۆی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییەوە کۆسپی لێدەگیرێت. زۆر هاوشێوەی ڤایرۆسێک کە شێوەی خۆی دەگۆڕێت تا بەرگری لە چارەسەرکردن دەکات، ئەم لایەنانە خۆڕاگریان سەلماندووە بە پەنابردن بۆ هاوکاری داگیرکەران خۆیان لەگەڵ تەحەددیاتەکاندا دەگونجێنن بە شێوەیەک کە دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا دەپارێزێت وەک لە ڕابردوودا بینیمان لە ٣١ ئابی ١٩٩٦ هێنانی دەبابەکانی تورکیا و دەبابەکانی سەدام تا بەردەم پەرلەمانی کوردستان و ١٧ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ کە نیوەی خاکی کوردستانیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردەوە.

خنکاندنی ئۆپۆزسیۆن:

نەیارانی سیاسی، ڕۆژنامەنووسان و چالاکوانان کە ڕەخنە لە پارتی یان یەکێتی دەگرن، زۆرجار بە سەرکوتکردن، دەستگیرکردن، یان تۆقاندن و ڕفاندن و تیرۆر کردن و بێسەروشوێن کردن ڕووبەڕوو دەبنەوە. ئەم ڕێبازە بۆ ناکۆکی، کێبڕکێی سیاسی مانادار بێهیوا دەکات، کۆنترۆڵی جڵەوی لایەنەکان بەهێز دەکات و ڕێگەیان پێدەدات بە ئارەزووی خۆیان سیاسەت بکەن و یاسا دابنێن و بەبێ ترس و حساب بۆ لێپرسینەوەی گشتی. ستراتیژییەتی ئەو دوو حیزب و بنەماڵەیە ئەوەیە کە چۆن ڤایرۆسێک هێرش دەکاتە سەر سیستەمی بەرگری خانەخوێیەک و لاوازی دەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندی مانەوەی خۆی.

کاریگەری لەسەر یەکڕیزی و گەشەسەندنی گەلی کورد:

لە کاتێکدا هەردوو حیزب وا خۆیان نیشان دەدەن پابەندن بە دۆزی کوردەوە، ڕکابەرییە بەردەوامەکانیان بووەتە ڕێگر لە بەرەیەکی یەکگرتووی کوردی. ئەم دابەشبوونە وایکردووە دانوستانی کاریگەرانە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق قورس بێت و گەشەسەندنی یەکگرتووی و یەکڕیزی لەناو هەرێمی کوردستاندا لاوازکردووە. ئەم دۆخە بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دڵتەزێنە کە خەونی کوردستانێکی بەهێز و یەکگرتوو دەبینن، کە دابەشبوونی پارتی و یەکێتی وەک بەربەستێک دەبینن کە هیچ "ڤاکسینێک"ی هەڵبژاردن یان ئاشتەوایی یان چاکسازی ناتوانێت




لاوازیی بکات و تێیپەڕێنێت.

**لەکۆتاییدا:**

بەراوردکردنی پارتی و یەکێتی بە "ڤایرۆسەکان" ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو لایەنانە بە شێوەیەکی قوڵ ڕۆچوونەتە ناو گیان و پەیکەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی کۆمەڵگەی کورد و کوردستان بە جۆرێک چەسپاون کە گەل ئەو دوو حزبە بە مۆتەکە و زیانبەخش دەزانن و دەنگدان و هەڵبژاردن بە مەحاڵ بۆ "چارەسەر" دەزانن. ڕەنگدانەوەی ڕوانگەیەکە کە تاکە ڕێگە بۆ چاکسازی یان پێشکەوتنی ڕاستەقینە ڕەنگە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بێت بۆ دوورکەوتنەوە لە باڵادەستی ئەم دوو حیزبە گۆڕانکارییەک کە تا ئێستا سەلماندوویەتی کە لە ڕێگای هەڵبژاردن و ئاشتیانە زەحمەت و مەحاڵە، مەگەر بە زەبری "هێز" بتوانرێت ئەم دوو حیزب و بنەماڵەیە لە باشوری کوردستان بڕووخێنێ و تا بە سزای گەل و نیشتیمان بگەن

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# پرسی ڕۆژ

## کەمپەینی وەستانەوە بەدژی هەمواری یاسای باری کەسێتی یاسای ١٨٨ ی عێراقی

### ژمارەیەك لە ژنان و پیاوانی بەرگریکار لە مافەکانی ژنان سەبارەت بە هەمواری یاسای باری کەسێتی بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...

**وەڵامی بەڕێز نیاز عەبدوڵا (مامۆستا،پەیکەرساز وچالاکوان لەبواری مافەکانی ژنان ومنداڵان).**



**نیاز عەبدوڵا:** ئەم بابەتە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە لێرەدا باسی لێوە بکرێت. بە ڕای من گەورەترین توندوتیژیە بەرامبەر بە جەستەی ژن دەکرێت، لاقە کردنی کچانی منداڵ وهەرزەکار واتە، بۆ کوڕی منداڵیش هەمان تاوانە. بۆ ئەوەی کۆمەلگەیەکی تەندروست هەبێ، دەبێ تاکی تەندروست پەروەردە بکرێت. تاکی تەندروست یانی خێزانی تەندروست، خێزانی تەندروست یانی کۆمەڵگەی تەندروست، کۆمەلگەی تەندروست یانی دەسەڵاتێکی تەندروست لەسەر بنمای یاساو سستمێکی دیموکراتی کە مافی تاکەکانی تیا پارێزراو بێت بە تایبەت منداڵان کە چارەنوسی داهاتوی کۆمەڵگەن. منداڵانی خوار تەمەن هەژدە ساڵ لە هەردوو ڕەگەزەکە نە لەشیان نە هزریان تەواو گەشەی نەکردووە بۆ ئامادە بوون لە پرۆسەی سێکس و منداڵ بوون و بەرپرسیاری منداڵ و خێزان، چونکە ئەوان لە ڕووی زهنیەتەوە خۆیان منداڵن ! هەر بۆیە دەستپێشخەری ناساندنی هەموو ئایدیایەکان بە منداڵ و هەرزەکاران بەرپا دەکەن، چونکە ئەمانە ئاسان کاریگەریان لەسەر دەکرێت بەهۆی ئەوەی هێشتا هزریان و زهنیەتیان گەشەی نەکردووە. لەم بریاری باری کەسیەتیەشدا دیسان دەیانەوێ ئەم تەمەنانە بکەنە قوربانی نیەتە گڵاوەکانیان کە تەواوەن کۆمەڵگەیەکی تێکشکاو دروستدەکەن، کە هیچ پێناسەیەکی کۆمەڵگەی بۆ ناکرێت لە بناغەوە تاک هەڵدەوەشێنرێت و دروستبوونەوەی زۆر زەحمەتە. بابڵێین بڕیارەکە وەک ڤایرۆسێکی شێر پەنجەیە و جگە لە مەرگ هیچ چاوەڕوانیەکی تری لێ ناکرێت! شەڕێکی تایبەتە بە پلانی هێزەکانی دژبە میللەت دانراوە، واتە یەکێکە لە شەڕە تایبەتیەکان بەپلانی ڕوخاندن لە بناغەوە. دایک وباوک دروستکەری خێزانن پەرپرسیارن لە پەروەردەی منداڵەکانیان، کەواتە دەبێ دوو مرۆڤی پێگەیشتوی خاوەن ئەزموونبن لە ژیاندا تا بتوانن و بزانن چۆن ڕووبەڕووی کێشە کۆمەڵایەتی و دەرونیەکان ببنەوە! لە وڵاتێکی وەک سوید گەورەترین تاوان ئەو تاوانەیە کەسێکس لەگەڵ خوار هەژدەساڵدا بکرێت، سزاکەی لە کوشتنی مرۆڤێک زۆر زیاترە، چونکە ئەو لاقەکردنە کوشتنێکی بەکاوەخۆیە بۆ ئەو کەسانەی لاقە کراون، لە ڕووی دەرونیەوە تێکدەشکێن تا دەگاتە ڕادەی خۆ کوشتن، تاکی کوژەر، دز، درۆزن، درۆگ، گەندەڵ لەو دایک و باوکانەوە دێتە ئاراوە کە خۆیان پەروەردە نەکراون. منداڵەکان بپارێزن با بۆمبی نەفامی کۆمەڵگەکەمان لەوە زیاتر هەڵنەوەشێنێ !!!! تەڵاق و میرات و هاوسەرگیری بەپێی ئەو شەریعەتەی ئیسلام، هیچ مافێکی ژنی تیا نەپارێزراوە، بۆیە دەبێ یاسای باری کەسێتی هەمواربکرێتەوە لە عێراقدا و ئاین تەواو دوور بخرێتەوە لە سیاسەت و دەسەڵات، هەر وەک هەموو وڵاتانی تری جیهان، ئاین تایبەتە بە بڕوای خودی تاک نەک کۆمەڵگەو یاسا و دەسەڵاتی سیاسی لەسەر بونیاد بنرێت.

---------------------


**وەڵامی بەڕێز دیمەن عەزیز( چالاکوانی مەدەنی)**



**دیمەن عەزیز:** سەبارەت بەپرسیاری تەوەری باسەکەتان جێگای دەستخۆشییە بۆئەم بەسەرکروونەوەیەم. لەم بابەتە وتارم هەبێت تەورێکی زۆرگرینگ و هەستیارە بەتایبەتی لەسەربەشوودانی کچ لەتەمەنێکی ئاوا زۆربچووکدا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆیاسای هەر ولاتێک یا هەرنەتەوەیەک یاخود هەرکۆمەڵگەیەک کە داب ونەریتی خۆیان هەیە لەسەرئەم بابەتە. لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆکۆمەڵگەیەکی تردەگۆڕێت، لەنەتەوەیەک بۆنەتەوەیەکی تردەگۆڕێت، ئەمەش بەبوونی یاساوڕێسای کلتوری ئەم وڵاتە، یا ئەم نەتەوەیە. لەوڵاتانی ڕۆژئاوا یەکسانی لەنێوان ژن وپیاودا هەیە. بەڵام لەوڵاتانی نیشتمانی عەرەبی، زۆرجیاوازە. زۆربەی جار سەرۆک هۆزەکەی بڕیاری لەوجۆرە چارەنووسساز دەدات. یاخود گەڕانەوە بۆسەردەمی خەلافەتی ئیسلامی! چۆن ئەوکات ئەوبڕیارەیان جێبەجێ کردوە، یان کاریان لەسەرکردوە بەزۆر بەشوودانی کچ لەوتەمەنەدا. ئێستاش بەهەندێک بیری داخراو کەسێک یاخود چەندکەسێک ئەم بڕیارە هەڵە هەمواربکەنەوە لەیاسای باری کەسی، ئەمەش کۆمەڵگە بەرەو وێران و هەڵدێردەبات. ڕێژەی جیابوونەوە زیاتردەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەروون وعەقڵ وفیسلۆجی کچ لەم تەمەنە پێنەگەیشتووە. لەهیچ یاساوعورف وعاداتێک قابیلی قبوڵ نییە. هەروەها کۆمەڵگە دەبێت دەوری کاریگەری هەبێت لەم جۆرە بڕیارە هەڵانە، کەلەلایەن کەسێک یان چەندکەسانێک یاخود هۆزێک دەدرێت. دەبێت کۆمەڵگە قبوڵی نەکات وبەرپەچی ئەم جۆرە بڕیارانە ببێتەوە، دەبێت تاک بەتاکی کۆمەڵگە، بەتایبەتی ڕەگەزی مێ بەژنان وکچان داکۆکی لەسەرئەم جۆرە بڕیارە بکەن بۆئەوەی نەچێتەبواری جێبەجێکردنەوە، چونکە پرۆسەی هاوسەرگیری پرۆسەیەکی گرینگ وپیرۆزەو گەورەیە. نەبێتە جێگەی بازرگانی بەکچ ومنداڵی تازە پێگەیشتووبکرێت. ئەمە بەکۆمەڵگەیەکی هۆشیارو باگراوندێکی ڕۆشنبیری گشتی دەکرێت. ئایا کۆمەڵگەیەکی داخراوکە مەزهەبی تێدا پەیرەودەکرێت، جێبەجێدەکرێت، تێدا ئەم بڕیارانە ڕێگە دەدرێت ڕەتی بکەنەوە. هیوادارم کۆمەڵگەش یەک دەنگ ویەک هەڵوێستیان هەبێت. لەسەرئەم بڕیارە هەڵانە بۆئەوەی جێبەجێنەکرێت. چونکە ئەم جۆرە بڕیارە هەڵانە کاریگەریەکی زۆرخراپ لەنێوکۆمەڵگە دروست دەکات. مرۆڤایەتی وکۆمەڵگە بەرەو وێرانترو خراپتر دەبات کێشەکان زیاترو زیاتر دەبن.

# پرسی ڕۆژ

## هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان
## تایبەتمەندیی و وردەکارییەکانی...



پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

بۆئەم پرسە لەگەڵ بەڕێز (کاکەلاو تەحسین ( چاودێری سیاسی) پاش گفتوگۆیەک لەسەر هەڵبژاردنی خوولی شەشەم. توونایمان بەوەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک ئەم گفتوگۆیە سازبدەین لەگەڵ بەڕێزیان.

**پرسی ڕۆژ: چاوخشاندنێک بە هەلومەرجی پرۆسەی سیاسی لەکوردستان و هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان تا خولی شەشەم، تایبەتمەندیەکانی چین؟**

**کاکەلاو تەحسین:** بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی سیاسی لە هەرێم؛ گرینگە سەرەتا لە راپەرین تێبگەین، ئێمە چونکە کێشەی نەتەوەیمان هەبوو لە لەگەڵ بەغدا بۆیە بەر لە هەرشتێکی تر بۆ هەموان تەنها رزگاری نەتەوەیی گرینگ بوو. لێرەوە سەرەتای گرفتەکان دروستبوو وە تا ئەمرۆش لە هەمان خاڵدا وەستاوین، ئەویش نەبونی پلان و بەرنامە بۆ دوای رزگاریی نەتەوەیی. نەبوونی پلان بۆ پەروەردە بۆ دوارۆژ بۆ دروستکردنی سیستەم... ئیتر من دەپرسم خەون و ستراتیجی سەرکردەکان لە سەرەتای یەکەم هەڵبژاردن و دواهەمین هەڵبژاردن لە کوێ جیاوازن؟ دەتوانم بڵێم هی سەرەتا باشتر بوو لە هی ئەمرۆ! یەکەم خوول ململانێ لەسەر بەرژەوەندی حیزب لە پێشتر بوو، لە بری نەتەوە، ئەمرۆش هەر وایە، لە یەکەم خوول یەکێتی و پارتی دوو پارتی سەرەکی بوون و بە رێکەوتنی سیاسی دەسەڵاتیان دروستکرد نەک هەبژاردن. لە دواهەمین هەڵبژاردنیش بە هەمان شێوەیەو چاوەرێی رێکەوتنی سیاسی یەکێتی و پارتییە، زۆر هاوشێوەی تر لە یەکەم خوول تا شەشەم خوول هەڵبژاردن دوادەخرێت و لە کاتی خۆیدا ناکرێت. نەک هیچ بەرەوپێشچوونێک رووی نەدا، بەڵکو بە بەرنامەو پلان ساڵ بەساڵ پەرلەمان و پرۆسەی سیاسی و گشت دامەزراوەکانی تری دەوڵەت بەرەو دواوە گەرانەوە!.

بەڵام گەر وێنەکە بچوک بکەینەوەو لەسەر تایبەتمەندی ئەم خولەی هەڵبژاردن قسە بکەین؟ ئەوا ئەم هەڵبژاردنە خۆمان نەمان ویستوە بیکەین، بەڵکو پێمان کراوە! وە هەڵبژاردنە کاتێک پێمان کراوە ساڵ و نیوێک بووە پەرلەمانمان نەما بوو، ئەم هەڵبژاردنە جگە لەوەی بە بڕیاری دەرەوەی هەرێم بوو وە یاسای هەڵبژاردنیش لە دەرەوەی پەرلەمانی هەرێم هەموارکراوە و کرایە چوار بازنەو کورسی کەم کرایەوەو کۆتاکان رێک خرانەوە. وە لەو هەڵبژاردنە رێژەی بەشداری خەڵک بەرز بوو، جگە لەوە یەکەم هەڵبژاردنە تاک لە دەرەوەی حیزبی سیاسی خۆی هەڵبژێرێت وەک کاندیدی سەربەخۆ.

**پرسی ڕۆژ: خەڵک چۆن هەڵبژاردن دەبینێت وبەشداری تێدادەکات؟ مەبەستم ئاستی ئاگایی چۆنە؟**

**کاکەلاو تەحسین:** ئەو پرسیارە گرینگە چونکە بینینی خەڵک بۆ هەڵبژاردن بەشێکی گرینگە لە سەرکەوتن و شکستی هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسی کە تا ئەمرۆ بە گرینگ وەرگرتنی ئەو بینینەمان پشتگوێ خستووە. هەر بۆیە هەمو چاوەروانی و ئومێدێکمان تەنهاو تەنها خستۆتە سەر هەڵبژاردن و پرۆسەی سیاسی. بێئاگا لەوەی ئەوەی ئەو پرۆسەیە سەردەخات و شکستی پێ دەهێنێ ئیرادەو بینینی خەڵکە.

**پرسی ڕۆژ: دەکرێ وردتر ئەو گرفتە شی بکەیتەوە؟**

**کاکەلاو تەحسین:** بەڵێ بە دڵنیایی، تۆ سەرەتا گرینگە لەوە بگەیت کە لە دونیای مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەو سیستەمی سەرمایەداری و شەرعیەتی نێودەوڵەتی تەنهاو تەنها پشتیوانی لە یەک گۆرانکاری دەکرێت بۆ گۆرینی حکومەتەکان، ئەویش خەباتی سیاسی و هەڵبژاردنە. بۆ نمونە لە دەستوری کەنەدا هاتووە هەمو هێزێکی چەکدار بە تیرۆریست دادەنرێت گەر هەوڵ بدات بۆ رووخانی حکومەتێکی (شەرعی یان نا شەرعی) لە رێگای خەباتی چەکداری، کەواتە لێرەوە کە هەڵبژاردنمان بە تاقە رێگا بینی؟ لەو بینینە بەهای بۆ دەگەرێنینەوە، دواتر دەبێت بزانین هەڵبژاردن راستە تاکە رێگایە، بەڵام کەم و کوری خۆی هەیە، لێرەوە بەرنامە بۆ چارەسەری کەموکوریەکان دەدۆزینەوە، دواتر لەوە گرینگ تر ئەوەیە کە راستە تاکە رێگایە وە گەر کەموکوریەکانیش چارەسەر بکەین هێشتا فانۆسی سحری نییە، و بواری تەواوکاری تر هەیە دەبێت هاوتەریب لەگەل هەڵبژاردن کاری لەسەر بکەین. من دەپرسم ناوەندەکانی زانکۆ کوا چاودێری و رەخنەگرتن لێی؟ کوا ئەو مامۆستاو دکتۆرانەی بەهۆی دەستوەردان لە کاری زانکۆ رەخنەیان گرت و دەستیان کێشاوە؟ ئێ دەبێت زانکۆ بە رۆڵی خۆی هەستێت لە پاڵ هەڵبژاردن، بەڵام بەداخەوە خوێندکار تەنها بۆ دەرماڵە و ئاسانکاری دەرچوون خۆپیشاندان دەکەن، مامۆستاش تەنها گەر بۆ مووچە؟ ئەی رۆشنبیران و رۆژنامەنوسان لە کوێی تەواوکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنن؟ ئەی ئەوان بۆ رەخنە نەکردنی خۆیان هەموان دابەش بوین بەسەر لایەنەکان. ئیتر ئاوا برۆ بە هەموو توێژ و چینێک تۆ بینیوتە کێشەیەک لەو هەرێمە ببێتە خەمی گشتی؟ بۆ نمونە کەسێک لەو رۆژانە مناڵەکەی لەبەر کەمتەرخەمی مامۆستایەک لە قوتابخانە دەرکرا بوو، کە قوتابیەکە ئۆتیزمی هەیە بینیت دایکان باوکان مامۆستایان یەک دەنگ لەسەر ئەو خەمە بێنە دەنگ؟؟ ئێ دەسەڵات یەک کاری ئەوەیە خەمی گشتی ناهێلێ و تاکەکان لە یەک دوور دەخاتەوە، ئێستا حیزب لەو ئەرکەی سەرکەوتوو بووەو هەموان تەنها لە خەمی خۆیانن، بۆیە کە مامۆستا بۆ موچە دێتە شەقام، خوێندکارو دایک و باوکیان بە خەمی خۆیان نازانن، ئەوان لە ماڵەوە دەبن! ئیتر تا هەمو سێکتەرەکان بەیەکەوە نەجولێنن تەنها جوڵەی هەڵبژاردن یان کاریگەریەکەی لاواز و لەسەر خۆ دەبێت.

**پرسی ڕۆژ : کەواتە گەرکاریگەریەکە لاوازیش بێت واتە هەیە؟ئەو کارگەریانە چی بووین؟**

**کاکەلاو تەحسین:** سەرەتا گرینگە لەوە بگەین، گەر هەڵبژاردن بێکاریگەر بوایە لای حیزبەکان؟ ئەوا لە کاتی خۆیان دەیانکرد. لە١٩٩٢ تا ئەمرۆ یەک هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا نەکراوە، وە دەبینین هەڵبژاردن هۆکارە بۆ ئاشکراکردنی دەمامکەکانیان، بۆ نمونە هەڵبژاردن ئاشکرایکرد کە نەوشێروان مستەفا لە دروشمی بروخێ؛ هاتە سەر دروشمی چوارساڵ ئارامی هەڵبژاردن! وای لە بەرهەم ساڵح کرد لە پیاوی چاکسازیەوە؛ ببێت بە خۆپەرست، و نازناوی بێ حورمەتی لێبنێن. هەڵبژاردن بوو وای لە مسعود بارزانی کرد؛ کە دەیگوت من پێشمەرگەم و سەرۆک نیم، کەچی وتی بۆم درێژ بکەنەوە چونکە واز لە سەرۆکی ناهێنم! جگە لەوە هەڵبژاردنە وادەکات بەرپرسەکان بێنە بەردەم دەرگای هەموو ماڵێک خۆیان سادە بکەنەوەو فەلافل و گەص لە شەقامەکان بخۆن؟ وە هەڵبژاردنە وا دەکات جوڵە بخاتەوە ناو پرۆژەی خزمەتگوزاری، وە لە هەمووی گرنگتر گەر دڵنیایی هەبێت کە حیزبەکان ناتوانن هەڵبژاردن دوابخەن و لە کاتی خۆیدا دەکرێت، ئەوا حیزبەکانیش وردترو وریایانە تر مامەڵە دەکەن لەگەڵ مافی خەڵک.

**پرسی ڕۆژ :: ئەی گەر توانرا هەڵبژاردن دیزاین بکەن ئەوسا چی؟ یا بە جۆرێکی تر هەموو جار ئەو قسەیەمان گوێ لێدەبێت ئایا لە دواهەڵبژاردن ئەوە چۆن دەبینی؟**

**کاکەلاو تەحسین:** رستەی هەڵبژاردنی دیزاینکراو لای من هەڵەیەکی گەورەیە. بەر لە هەر شتێک ناکرێک حیزبی سیاسی ئەوەنە کۆلەوار بێت تا رۆژێک بەر لە هەڵبژاردن تۆ تەنها بە شان و باڵی ئەو سیستەمە هەڵبدەیت کە گرینگەو تەزویر بە هیچ جۆر ناکرێت، دوایە بۆ بەیانی خۆت بڵێی دیزاین کراوە! وە هەموو ئەنجامی راپرسی و پێشبینیەکان نزیک بووە لە ئەنجامەکان. کاتێک دەڵێی بەڵگەت چییە بۆ تەزویر؟ دەڵێن فلان خزم لە فلان مەکتەب دەنگی پێمانداوە، بەس دەنگەکە دیار نیە...واتە بەڵگەکان لاوازن. من باوەرم هەیە دەنگی شایستەی هەندێ لایەن سوتا بێت بە مەبەست هەندێ زیا دو کەم رویداوە، بەڵام ئەوە لە سنوری سێ کورسیەکە نەک تۆ بڵێی دیزاین کراوە.

**پرسی ڕۆژ :: کەواتە بەو پێوەرەبێت، کورسی ودەنگی یەکێتی و پارتی زیاد بووە یان کەم بە بۆچونی تۆ بەراورد بە هەڵبژاردنی پێشوو؟**

**کاکەلاو تەحسین:** سەرەتا گرینگە بزانین بە کام هەڵبژاردنی بەراورد دەکەین؟ هی پەرلەمانی عێراق یان هی پەرلەمانی کوردستان؟ بە رای من هەڵەیەکی لۆژیکی و سیاسی و یاسایی دەکەین گەر بە هەر یەکێکیان بەراورد بکەی، چونکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق سیستەمەکەی جیاواز بوو، هەرێم دوانزە بازنە بوو ئەمەش دەنگی راستی لایەنەکان دیاری ناکات، چونکە لە هەندێ بازنە حیزبەکان نوێنەریان نەبوو لە هەندێکی تر هاوپەیمانیان دەکردوو دەنگیان بە کاندیدی یەکتر دەدا. جگە لەوە رۆل و ئەرکی پەرلەمانی عێراق جیاوازە، لە رۆل و ئەرکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. بۆیە دەنگ دەر بۆ ئامانجێک بۆ عێراق دەنگدەدات، بەڵام بۆ هەرێم دەنگ نادات یان بە پێچەوانەوە.

دواتر گەر باسی هەڵبژاردنی هەرێم بکەین ئەوا ژمارەی کورسیەکان سەد کورسی بوو هی ئەم جارە ٩٥ کورسییە، وە جاری پێشوو یەک بازنە بوو ئەم جارە چوار بازنەیە، بۆیە من بە گریمانە وا دادەنێم کورسیەکانی پەرلەمان بۆ ئەمجارە سەد کورسی بووەو یەک بازنە بووە تا بەراوردەکە راست دەربچێت ئەوسا دەبینیت یەکێتی ئەمجارە وەک ساڵی ٢٠١٩ تەنها □□ کورسی دەهێنێ وە پارتیش بە هەمان شێوەی پێشوو ٤٥ کورسی دەهێنێ.

**پرسی ڕۆژ: گەر قەوسەکم بدەیتێ واتە بەو ئەنجامەی تۆ دەیلێی ئەوان لاواز نەبوین؟**

**کاکەلاو تەحسین:** بە پێچەوانەی ئەو بەناو چاودێرو هێزە ئۆپۆزسیۆنانە کە دەیان گووت ئەو خەڵکە یەکێتی و پارتی شایستەیە، وەک توانجێک بۆ دەنگی یەکێتی و پارتی، لە کاتێکدا من بە شکانی یەکێتی و پارتی دەبینم ئەو هەڵبژاردنە، نەک سەرکەوتن بە پشتن بەم خاڵانەی خوارە:

<u>یەکەم:</u> لە ماوەی پێنج ساڵ کە ماوەی نێوان هەردوو هەڵبژاردنی هەرێمە نزیکەی زیاتر لە سەد هەزار دەنگدەر زیادی کردووە، کە شەش کورسی پەرلەمانی دەکات، بەڵام یەکێتی و پارتی هەمان رێژەی کورسی هەڵبژاردنی پێشویان هێناوەتەوە، گەر سیستەمەکە بکەینەوە بە چوار بازنە.

<u>دووەم:</u> یەکێتی و پارتی بە زۆر کارتی دەنگ دانیان بە خەڵک وەرگرتەوە، و وە بە زۆر خەڵکیان دەبرد بۆ دەنگدان و چاودێریان دەکردن، واتە گەر کەسێک دەنگی دابێت بەو دوو هێزە؟ ئەوا بەشێکیان لە ژێر فشار و پارەدا بووە، ئەمەش واتای خراپی دۆخیان دەگەیەنێت، نەک باشی دۆخەکەیان.

<u>سێیەم:</u> گوتارەکانی سەرکردەکانی هەردوو لا لەسەر بنەمای چەواشە و ترساندنبوو؛ بۆ نمونە یەکێتی سوێندی دەخوارد کە دەیروخێنن، ئەمەش وایکرد بەشێک لە دەنگدەران هەڵبخەڵەتێن، وە دواتر لە دیداری مێری بافل تاڵەبانی گووتی کەس باسی رووخانی نەکردووە! بۆ دەیروخێنین!؟! وە مسرور بارزانی دەیگوت ئەوان خۆیان دەڵێن زۆنی سەوز بێخزمەتە، کەواتە گەر ئێوەش دەتانەوێ بێخزمەت بن برۆن دەنگ بە یەکێتی بدەن.

بۆیە ئەو ترس و کرین و چەواشە کاریەی کاتی هەڵبژاردن پێمان دەڵێت؛ ئەوان لە خراپترین دۆخ و ترس لە شکاندا بووینە.

بانگەشەی هەڵبژاردن ...

**کاکەلاو تەحسین:** گرینگە دەنگدەر بزانێت راستە ئەو بە چوار دەقە دەنگدەدات، بەڵام ئەو دەنگە بۆ چوار ساڵ زیندوەو ئیرادەو نوێنەری ئەوە لە پەرلەمان، بۆیە دەبێت چاودێر بێت دەبێت بزانێت بۆ دەنگی پێداوە وە چ چاوەروانیەکی لێی هەیە وە بەرنامەو بەڵێنی چییە؟ گرینگە ئێمە دەنگدەر بە مانای دەنگدەر دروستبکەین، نابێت دەنگدەر لەسەر بنەمای خەباتی بنەماڵە و باوک مناڵ دەنگ بە هەمان حیزب بدات، نابێت دەنگدەر لەسەر بنەمای بەرژەوەندیە کەسیەکانی هەمان هێز هەڵبژێرێت ناکرێت سۆزت بجولێت (وەلا ئەو کاندیدە موچەکەی دەکاتە خێر) ئەو کاندیدەی تر هەژارەو خێری پێدەچێت بۆیە دەنگیان پێ بدەی...ئەوانە هەموو هۆکارن بۆ دەرچونی کاندیدی خراپ وە دواتر دروستبونی پەرلەمانێکی لاواز...



# شۆڕشەکان بۆ سەردەمی ئێستا چیمان پێدەڵێن؟

نووسینی: نەجمەدین فارس حەسەن

**بەشی دووەم و کۆتایی**

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧زی ڕوسیا، ئەمیش بەیەکێک لەو شۆڕسانە هەژماردەکرێت، دوا سەنگەری دەرەبەگایەتی و کۆیلەی کشتوکاڵی لە ئەوروپادا تێکشکاند و لە جێگەی سیستەمی پاتریارکی وکشتوکاڵی، سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی دامەزراند، ئابوریەکی پیشەسازی و کشتوکاڵی و سەربازی پێشکەوتووی خستە جێگەی ئابووری کشتووکاڵی وسیستەمی پاتریارکی ڕابردوو. ئەم شۆڕشە لەگەڵ ئەوەی بە شۆڕشی سۆشیالیستی ناویان دەبرد، بەڵام هیچ بنەمایەکی ئابووری کۆمەڵایەتی سۆشیالیستی پێوە دیارنەبوو و دانەمەزراند. دەسەڵاتی پاتریارکی کشتوکاڵی گۆڕی بۆ دەسەڵاتی گروپێکی حیزبی وسەربازی بەدیسپلین و ڕێکخراو. هەرچیەک بوو بێت، تەنها سۆسیالیزم نەبووە و ئابووری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەت کەوتووەتە چنگی گروپێکی سیاسی و سەربازی حیزبییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم شۆڕشە بە پاڵنەری ئەوەی شۆڕشێکی سۆسیالیستی بووە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شۆڕشەکانی ئەوروپا و ئەورووپای ڕۆژهەڵات و ئاسیاو ئەمریکای لاتیندا هەبووە، لە بەشێکی بیرکردنەوەی سیاسی و دامەزراندنی سیستەمی سەرمایەداری دەوڵەتی چین و کوبادا ڕەنگیداوەتەوە بەشێوەیەکی بەرچاو.

شۆڕشی ساڵی ١٩٥٤زی چین، گۆڕانی کۆمەڵگەیەکی دابەشبووی چەند چین وتوێژێکی کۆمەڵایەتی وئابووری دواکەوتوو بوو. ئەوانەش خاوەندارانی زەوی وزار و چینێکی کۆمپرادۆر لە دێهاتەکان کە وابەستەی سەرمایەی بێگانەی دەرەوەی ، و وردەبۆرژوازی کە نوێنەرایەتی خاوەن زەوییە کشتوکاڵیەکان، وپیشەسازییە دەستیەکان و توێژێکی بچوکی ڕۆشنبیرو خوێندەوارەکانی دەکرد، ئەمەش توێژێکی گەورەی کۆمەڵگەی پێکدەهانی. وە شەریحەیەکی تری کۆمەڵگەی چین بریتی بوون لە چەشنەکانی پرۆلیتاریا، کە پێکدەهاتن لە زۆرینەیەکی جوتیارانی کشتوکاڵی خاوەنانی زەوییە بچوکەکان، وجوتیارە هەژارەکان، وخاوەنانی پیشەسازی دەستی و،کرێکارانی شوێنە پیشەسازییەکان، وفرۆشیارە گەڕۆکەکان. چینی پرۆلیتاری پیشەسازیش بەپێی کۆمەڵگەی چین ژمارەکەیان کەمترە. شۆڕشی چین ئەم پەیوەندیە ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسیەی گۆڕی بە کۆمەڵگەیەک کە سەرچاوە ئابووریەکانی خستە دەستی دەوڵەتەوەو، سەرکردەکانی دەوڵەتیش، ئەوانەبوون کە ئەندامانی حیزبی شوعی چین بوون، وەکو یەکێتی سۆڤیەت. هەروەها شۆڕشی ١٩٥٩زی کوباش، وەکو چین پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان بریتی بوون لە خاوەن زەویەکان، و بۆرژوازی کۆمپرادۆری وابەستە بە سەرمایەی ئەمریکیەوە، ئەمانە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بوو. شۆڕشی کوباش وەکو شۆڕشەکانی چین و ڕوسیا، نەیانتوانی کۆمەڵگەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتی بێ چین وتوێژە کۆمەڵایەتیەکان دامەزرێنن. هەرسێ شۆڕشەکەو ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، گۆڕانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابووری سیاسی سەرمایەداری، نەگۆڕی بە سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی بێ چین و چەوسانەوە. تەنها گۆڕینی سەرمایەداری بازاڕی ئازاد بوو بە سەرمایەداری دەوڵەتی، شۆڕشی سۆشیالیستی نەبوو وەکو هەندێک لە بیریارانی بۆرژوازی ولیبراڵی بەیانیان دەکرد.

بەپێی بڕوای هەندێک لە نووسەرە بۆرژوازی و نیشتمانییەکان، کودەتاکانی کە ڕوویانداوە لە کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەفریقیا دا، بە شۆڕش ناویان بردوون. وەکو کودەتای ٢٣یولیو١٩٥٢زی میسر دژی پاشایەتی. هەروەها کودەتای ١٤تەموز١٩٥٨زی عێراق دژی پاشایەتی. وە کودەتای بەعسیەکانی سوریا لە ساڵی ١٩٦٣زی دژی دەرەبەگایەتی. هەروەها کودەتای ١٧-٣٠تەموزی ١٩٦٨زی بەعسیەکانی عێراق، دژی سیستەمی کۆماری عبدلڕەحمان عارف. هەموو ئەم کودەتایانەو ئەوانەشی کە ناومان نەبردوون، نەیان توانیووە سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابووری بگۆڕن، بەسیستەمێکی بێ چین و چەوسانەوەو بێ کاری بەکرێ. لەسەردەمی سەرمایەداریدا شۆڕش کاتێک پایەو مانای دەبێت کە گۆڕانی بنەڕەتی بکات لە پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵایەتی چینایەتی بە کۆمەڵگەیەکی بێ چین و چەوسانەوە، بەداخەوە ئەمەش هەتا ئێستا ڕوینەداوە.

ناونانی جوڵانەوە و خۆپیشاندانەکانی باکوری کیشوەری ئەفریقا، بەشۆڕشی بەهاری عەرەبی، ناو و ناونیشانێکی هەڵەیە و ماکی گۆڕانی ڕیشەیی پەیوەندیەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەڵنەگرتبوو وە بەرجەستەی نەکرد لە کۆمەڵگەکانیاندا. بنەڕەتی ناوی بەهاری عەرەبی دەگەڕێتەوە و ئیلهامی لە شۆڕشەکانی بەهاری ١٨٤٨زی ئەوروپاوە وەرگرتبوو، یان پێیان بڕیبوو. ئەمانەش نەیان توانی سیستەمی سەرمایەداری بگۆڕن بە سیستەمێکی شایستە بەژیانێکی سەردەمیانەی، بێ چەوسانەوەو کاری بەکرێ بۆ مرۆڤەکان. هەر جووڵانەوەیەک و خۆپیشاندانێک، گۆڕینی دەمووچاوو مانەوەی هەمان سیستەمی ڕابردوو لە خۆبگرێت، لە ئێستای سیستەمی سەرمایەداری، ماناو دەلالەتی ڕوودانی شۆڕش لەدەست دەدات.

**خۆپیشاندانەکانی ئێران لەبەر ڕۆشنایی شۆڕشەکانی ڕابردودا:**

لە ڕوانگەی ئەو شۆڕشانەی لە ڕابردوودا ڕویانداوە، باسێکی کورت لە ناوەڕۆکی جوڵانەوەو خۆپیشاندانەکانی ساڵانی پێشووی ئێران دەکەین. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر جوڵانەوەکان و خۆپیشاندانەکانی ئێران و پلاتفۆڕمی (ژن- ژیان- ئازادی )، پەرچەمێکی ڕیفۆرمیستی و فمینیستانەی ناگشتگیرە، نەیتوانیووە دەربڕی ناوەڕۆکی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی گشتگیری هەمەلایەن بێت ولەخۆبگرێت، هەرچەندە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەشداری تێدابکەن. هێزەکانی خەڵک لە دەرەوەو ناوەوەی ئێران، هێشتا نازانن بەڕوونی چیان دەوێت و لەدواتردا چی دادەمەزرێنن، پەیوەندیە کۆمەڵایەتی وئابووریەکان چی بەسەردێنن. لەئێستای سەرمایەداریدا، هەر گۆڕانێک کە سیستەم لە بنەڕەتەوە هەڵنەتەکێنێت، و سیستەمێکی ئابووری کۆمەڵایەتی بێچین دانەمەزرێت لە جێگایدا، ناچێتە خانەی شۆڕش و شۆڕشگێڕیەوە. لەخۆوە هەر جوڵانەوەیەک و خۆپیشاندانێک بە شۆڕش بزانرێت دەکەوینە هەڵەیەکی گەورەوە، هەروەکو ئەوەی بانگەواز دەکرێت بۆ پشتیوانی کردن ولەگەڵمان بن لەشۆڕشی ئێراندا، بڕواش بە ڕێکخراوی چینایەتی نەبێت، بانێکە و دووهەوا. لەگەڵ بوون واتای ڕێکخراوبوونە ،کۆبوونەوەیە لە چوارچێوەی ئامانجێکدا. بیرکردنەوەو گرنگیدان بە کاری خودبەخود، هەمان ئەو بیرکردنەوەیە کە بۆ خۆپیشاندانەکانی ئێران بیردەکرێتەوە، هەمان بیرووبۆچونە کە هەیەجانی سۆزوعاتیفە ئەکاتە ئامانجی سەرکەوتنی شۆڕش، هەمان بۆچوونی ئانارکیانەی باکۆنینیان هەیە. ئەمەش سەرکەوتنی شۆڕش بە خوا ئەسپێرێت. لەلایەکی تر کۆمەڵێک لە بێ ئامانجی و ناڕوونی خۆپیشاندانەکانی ئێران، بەرگی کوردایەتی دەکات بەبەردا، لەبەرئەوەی ئاگری ئەو خۆپیشاندانانە، بە پریشکی گیان لەدەستدانی کچێکی کورد خۆش بوو. لەلایەکی تر کۆمەڵێک ئاڵای شاهنشاهی ڕابردووی ئێران بەرزەکەنەوە. ئەم ڕاکێشان ڕاکێشانە، بەڵگەی ئەوەیە کە یەکگرتوویەکی کۆمەڵایەتی چینایەتی لەسەر ئاستی کۆمەڵگای ئێران بوونی نییە، خۆپیشاندانەکان ئامانجی ڕوونی سەرتاسەری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی ئابووریان نییە. ئەو بۆچوونەی کە لەپێشتردا بەیانمان کرد بۆ سەرکەوتنی شۆڕش گرنگی گەورەو گەرەنتی سەرکەوتن دەکات. لەبەر ئەوەی خۆپیشاندانەکانی ئێران لاشەیەکی بێ سەرە، لەهەرکاتێکدا بێت دەکەوێتە چاڵێکەوەو سەردەنێتەوە. لەبەرئەوە لەسەر کۆمۆنیستە زانستیەکان پێویستە پەرە نەدەن بەکاری خودبەخودیانە و داڵدەی سۆزدارییانەیان بۆ هیچ خۆپیشاندان و جوڵانەوەیەک بڕوای پێنەهێنن و نەبێت، هەرجوڵانەوەو خۆپیشاندانێک ئامانجدار بکەن بەئاڕاستەی هەڵوەشانەوەی سیستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی بێچین و چەوسانەوەی مرۆڤ لەبەرچاوبگرن ئامانجمان بێت .لاشەیەک چاوی نەبێت ومێشکی نەبێت ناتوانێت بەئاڕاستەی دروست ڕێبکات. مارکس دەڵێت، تێکۆشان دژی سەرمایەداری، بەشێوەیەکی سەردەمیانەو لە سنورێکی بالاترداو بەبایەخێکی ترەوە، تێکۆشانی کرێکاری کرێگرتەیە دژی سیستەمی بۆرژوازی (سیستەمی سەرمایەداری لیبراڵی)، ئاوات وئارەزوی شۆڕشی سۆسیالیستی نوێ (زانستی) بریتیە لەسەرکەوتنی پرۆلیتاریا بەسەر بۆرژوازیدا. ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە بەشێوەیەک کە هەموو جیاوازییە چینایەتییەکان لەناوببات. وەکو ئەوانەی کە لە ڕابردوودا بە شۆڕش ناویان بردوو ئەوئەرکەشی جێبەجێ نەکرد. ئەوەی ئێستا لە ئێران دەگوزەرێت، خۆپیشاندەران هەڵگری شیعاری بۆرژوازین کە خۆی لە ناو (ژن – ژیان – ئازادی) مەڵاسداوە. ئازادی فۆڕمی بیرکردنەوەی شۆڕشی بۆرژوازی فەڕەنسی بوو، وە بیریارانی لیبراڵی دایان ڕشتووەو پێی دەناسرێتەوە، ئازادی لە لای لیبرالیزم، هەڵسوکەوتی ئازادانەی مرۆڤە بە بەهاکانی بۆرژوازی و سەرمایەداریەوەو، خۆی لەئازادی خاوەندارێتیدا دەبینێتەوە.

ئەو وتەیەی مارکس دەکەم بەکۆتا تێڕوانین لە بارەی شۆڕش لە سەردەمی سەرمایەداریدا، دەڵێت: کۆمۆنیزم لە هەموو بزووتنەوەکانی ڕابردوو هەتا ئێستا جیاوازترە، ئەوەیە کە هەموو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و هەڵسووکەوتەکانی ڕابردوو ژێرەوژوور دەکات، هەموو هەلومەرجە مەرجدارە سروشتیەکانی ڕابردوو، کە بەرهەم هاتووی ڕابردووی مرۆڤن هەتائێستا، داماڵراوە لەشێوە سروشتیەکەی و خراوەتە ژێرچنگی دەسەڵاتداران، بەهوشیاریەوە چارەسەری دەکات.

**سەرچاوەکان:**

**١-افلاطون :جمهورية،دار الوفاء لدنيا لطباعة والنشر.**

**٢-ارسطو :السياسة ،منشورات الجمل.**

**٣-آنجلس: آلباكونينية فى آلعمل،دار الفارابى.**

**٤-جون لوك:فى الحكم المدنى،اللجنة الدولية لترجمة الروائع.**

**٥-حنه ارنيدت:رآى فى الثورات،الهيئة العامة لقصور الثقافة.**

**٦-عبدالرضا الطعان:مفهوم الثورة،دار المعرفة.**

**٧-ماركس،آنجلس: الايديولوجية الالمانية،دار دمشق.**

**٨-ماركس:النظال الطبقى فى فرنسا من ١٨٤٨الى ١٨٥٠،دارالتقدم.**


**٩-ماركس: الحرب الاهلية فى فرنسا، دارالتقدم.**

**١٠-الموسوعة السياسية، مفهوم الثورة،**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێک یان ناساندنیان رێک دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر، وریای رەسام، ڕیبوار حەمە شەریف



# دایەلۆگی نێوان کیژوکوڕ لەحەیران دا

نەجم محەمەد

پێش ئەوەی بچمە ناو بابەتەکەم بەپێویستی دەزانم پێشەکیەکی کورت لەسەر حەیران بخەمە ڕوو دیارە هونەری حەیران هونەرێکە تایبەت بە میللەتی کورد وتەنها کورد خاوەنیەتی. حەیران هونەرێکە تاییەتمەندێتی خۆی هەیەو لەسەر شێوازی مەقامی بەیات دەگوترێ. وشەی حەیران گەلێ مانای هەیە باوترین وسەرەکیترین مانای حەیران واتا: (شەیدابوون هۆگربوون شۆک بوون قوربان بوون) وتێکستی حەیران لەشێوەی (پەخشانە شیعرو وشیعری ئازاد) دایە و لەسێ بەندی خاوەن سەروا پێکدێ کەبریتیە لە (سەربەندو ناوبەندو دوابەند) بەشێوەیەکی گشتی حەیران دوو جۆری هەیە (سەرچیایی ومەجلیسی) وزیاتر لە دەشتی هەولێرو سۆران وبیتوێن وپشدەرو مەهابادو موکریان حەیران هەیە و لەناوچەکانی تری کوردستان وپارچەکانی تری کوردستان جگە لەباشوورو ڕۆژهەڵات کوردستان نییە.

ناوەڕۆکی حەیران بەگشتی ئەوینداریە، هەروەها هەندێ حەیرانیش بۆجوانی سروشت و پیاهەڵدان وبۆشین ولاوانەوەو هتد گوتراوە. دیارە حەیران بەرهەمی چینی خوارەوەی کۆمەڵگەی کوردیە چینە جوتیارو هەژارو سادەو زەحمەتکێشەکەی، نەک چینی سەرمایەدارو فیئودالەکەی .

لێرەوە دەچمە ناو بابەتەکەمەوە دیارە ژن لەحەیراندا پانتاییەکی گەورەی داگیر کردوە وزیاتر حەیرانەکان لەزمانی ژنەوە بەیان کراون وگوتراون وهەستی ژنانە دەربرین تیایدا باڵایە و هەربۆخۆی ناوی خودی حەیرانیش ناوێکی ژنانەیە و هەروەها لەبواری حەیران چڕیندا وێڕای کۆت و بەندو سیستەمی پیاوسالاری لەکۆمەڵگەی کوردی دا چەندین حەیرانبێژی ناوداری ژن هەبوون وحەیرانیان گوتووە لەوانە: (مەنیج حەیرانی موکریان وشەمامێ مەحمودی و خەزاڵێ حەیرانبێژ وئامینەی حەیرانبێژو وخەجێ عەبدوللاو ئامینە کوڵندە وفاتمێ سەرووەرێ وهتد).

یەکێک لەجوانیەکانی حەیران ئەوەی کەناوەڕۆکەکەی دایەلۆگی ئەویندارانەی ڕاشکاوانەی نێوان کیژو کوڕە کەلەنێو حەیرانەکاندا بە کچەتیمە حەیران وکوڕەتیمە لاوە هاتووە.

ئەم دایەلۆگەی نێوان کچ وکوڕ لەحەیراندا دوو دیوو دوو ڕەهەندی هەیە، یەکەمیان گوزارشتێکی ڕاشکاوانەو بوێرانەو کراوەییانەی نێوان کچ وکوڕە

دووەمیان بەکارهێنانی حەیرانە وەک دەربجە و ئولگویەک بۆ گوزارشتکردن لەهەستە قەدەغەو خەفەکراو وتابۆکراوەکان کەلەلایەن کۆمەڵگەی پیاوسالارییەوە سنووربەند کراوە.

ئەو دایەلۆگە ڕاشکاو بوێرانەی کەلەحەیرانی کوردیدا هەیە نەلەگۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا هەیە و نەلە سیاچەمانە و نەلەلاوک دا هەیە، تەنانەت لەزۆربەی گۆرانیەکانی ئەم سەردەمشدا ئەودایەلۆگە غائیبە .

هەروەها ئەوهەست و دەربڕینە ژنانەیەی لە حەیراندا هەیە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا نییە. ئەوەی هەیە لەگۆرانی فۆلکلۆردا هەستێکی پیاوسالارانەی زاڵە وهەستی ژن تیایدا ونە بەجۆرێک لەحەیراندا ژن قسەکەرە وکارئەکتەرە، بەڵام لەگۆرانی فۆلکلۆردا ژن قسەی نییەو وپاسیڤە.

دایەلۆگی نێوان کیژ وکوڕ لەحەیراندا زۆرجار ڕادەی هوشیاری و ئاگایی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەش نیشان دەدات

وئەوکیژوکوڕانەی حەیرانیان گوتوە وحەیرانیان دروست کردوە من پێم وایە ڕچە شکێن بوون .

ئەگەر بەوردی خوێندنەوە بۆ دایەلۆگی نێوان کیژ وکوڕ بکەین لەحەیراندا دەبینین ڕاشکاوانە وبێ پێچ وپەنا گوزارشتیان لەهەست وسۆزی ناخ ودڵیان کردووەو دڵیان بۆیەک کردۆتەوە وئەوەی لەخەون وئارەزوو وخەیاڵیاندا بووە بەرامبەر بەیەکدی زۆر ڕاشکاوانە وئازایانە بۆیەکیان دەربڕیوە داوایان لەیەکدی کردووە کە ئەوخەون وئارەزوانە بکەنە ڕاستی وچی دی هەر خەون وئارەزوو نەبێ.

لەودایەلۆگانەدا دەستیان بردووە بۆ تابۆ وقەدەغەکراوەکان وەک ژوانی شەوان و ماچ و ئاوێزان وهتد.

کەگوێ لەودایەلۆگانەی نێوان کیژ وکوڕ دەگریت واهەست دەکەیت گوێت لەدایەلۆگێکی شانۆیی یان ئۆپەرێتیە نەک حەیران ئەمەش دیسان جوانیەکی تری داوە بەحەیران کەوەک دەقێکی شانۆیی وئۆپەرێتی وایە .

حەیران بەهەست وسۆزێکی تایبەتەوە دەگوترێ کە دایەلۆگی نیوان کچ وکوڕی تێدا دەگوترێ. حەیران نەفەسێکی درێژی ئازادانەی ئەدای تێدایە کەبەئاسانی جێگەی دایەلۆگی تێدادەبێتەوە ودایەلۆگەکان بەڕوونی بی هێچ لەنگیەک گوزارشتیان لێ دەکرێ.

من پێم وایە حەیران بەرهەمێکی ئەدەبی وهونەرییە کەدەبێ ئێمەی کورد شانازی پێوەبکەین .

کەکۆتاییدا بۆڕوونکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە بەپێویستی دەزانم کە نموونەی حەیرانێک بخەمە ڕوو دیارە نموونەکان زۆرن :-

حەیران دەیگۆت: کوڕەتیمە لاوە ئەوشۆکە شەوبایە، ئەتۆ لۆمن وەرە مەرکەزێ ژوانێ لەگوندێ مەشایی وهەڵلایە، کیژ دەیگۆ: بابانم خرابی نەهاتمە مەرکەزێ ژوانێ تالعی کوڕەتیمە حەیرانێ هەردوو چاوی من لەخەوداماية.

حەیران لەگردی گۆمێ بەژن برندی بەیداغی ڕۆمێ لەبۆ من برێنە دایکی حەیرانێ گەلەکی چەکان بەنازدار حەیرانێ وەنەکا ناسکا نەوەک بەژنی بچۆمی بژینە ئەمن لۆتۆ شێت بووم گەردەن بەخارێ عەسرێکە جوابت دەدەمێ لەگۆمێ هەوری ئەوەل مانگی زستانێ جۆتم کە لەبن لێفێ بمنوێنە.

تێبینی: نموونەی تێکستی حەیرانەکەم لەکتێبی (حەیران وچەندبۆچوونێکی تر) جەمیل سنجاوی وەرگرتووە.




# دروست کردنی نەعشی مردنم

هۆنراوەی: سەلام سەعید

ئەو دەمەی دوا بەڵێنی باران
دەبێتە ڕێگوزەری هەورێکی توڕەو
نەبارینی تاوێکی کەم ،
سەرتاپای ڕۆژەکە لە چاوەڕوانیدا
خۆی لە بەردەم قەدەرێکی
وندا ئەبینێ .
من نەپۆستەچی هەواڵ و
نە کەش ناسێکی بە سەلیقەم
تا هەمو خەبەرەکان لەخۆمدا کۆکەمەوە
گیرخواردن ، بەوەڵام دانەوەی پرسیارو
نەبونی ساتێکی بێ تەم
لەو دیو شوشەی پەنجەرەی خەیاڵەوە
تالە ڕۆشنایی هەواڵێك
وەڵامێك دروست کەم
دڵنیایم بیرچۆتەوە .. دەستم ئەگرێ
ئەم داتە دەست وێنەیەکی تەڵخ
نەبونی متمانە بە بونی گەڵا ڕێزان
وەك عاسی بونی حەرفەکانی هیجایە
بۆ دروست کردنی دەستە واژەیەکی
دروست بۆ وەڵام
من ئەزانم دڵنیایم پڕاو پڕە لەگومان
لە مەترسی خۆ کوشتن
وەك هاوڕێ شاعیرەکەم
ئەو بوە هاوڕێی گەڵا ڕێزان
من دەبمە هاوڕێی هەورێکی ئاوس
بە باو باران
ئەتوانی لەگەڵ خۆتا بم بەی
دەستم بگرەو لەگوێ کورسیەکانی
گۆمەکە ،
دوو جێگە با داگیرکەین
تۆ چیرۆکە کانی فەنام بۆ باس کە
ئەو کاتەی سەر هەڵگرتن
دەستی گرتی ،
شەقامە نامۆکانی ئەو وڵاتە
بونە هاوڕێت
منیش باسی ڕۆژە تاڵەکان ئەکەم
چۆن وەڵامە نەرێنیەکان
فریوی وەڵامی نامەکانی دام
لە هەوارێکی چۆڵدا
جێگەیان بۆ گرتم
من هەنوکە لەباڵندەیەکی تەڕ
بەر باران ئەچم
قەدەر خەریکە بەرەو عەدەم ئەم با
تەنیایی تیا ئەکاتە
سەر بوردەی خۆ کوشتن
بم بەخشە ئێستا خەریکی دروست کردنی
نەعشی مردنی خۆمم
لە چاوەڕوانی وەڵامە تاڵەکا





# چیرۆکی ئاڵای سوور!

## وەرگێڕانی: توانا محەممەد نوری

لە ئازاری ١٨٧١ شۆڕشگێڕانی فەرەنسا دەستیان بەسەر هۆتێل دی ڤیل لە پاریسدا گرت - کە بوو بە ناوەندی کۆمۆنەی پاریس - و ئاڵای سووریان هەڵکرد. لە کۆمۆنەی پاریس ئەمە یەکەمجار بوو کە چینی کرێکار، لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان، دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرت. لە وەسفکردنی ئەمەدا لە کتێبی 'شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا' مارکس نووسیویەتی، "جیهانی کۆن بە بینینی ئاڵای سوور تووڕە بوون".

ئەمە یەکەمجار نییە ئاڵای سوور وەک هێمایەک بۆ هیوای شۆڕشگێڕانەی ستەملێکراوان هەڵکرابێ. بە درێژایی مێژوو چینە بێبەشەکان وەک نیشانەی یاخیبوونیان ئەم ئاڵایەیان هەڵکردووە. ڕۆمای کۆن بەهۆی ڕاپەڕینی کۆیلەکانەوە هەژێندرا و دواجار ڕووخێنرا. لەم یاخیبوونانەدا ئاڵای سوور هێمای شەڕی کۆیلە یاخیبووەکان بووە. لە بزووتنەوە گەورەکانی جووتیاران لە ئەڵمانیا، لەشکری جووتیاران بە هەڵگرتنی ئاڵای سوور لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە ڕێپێوانیان کردووە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی چینی بۆرژوازی و سەرمایەداری، دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن هاتە پێشەوە. لە کاتێکدا سەرمایەداری لە خەباتدا بوو بۆ ڕووخاندنی ئەو بەربەستانەی کە سیستەمی فیۆدالی دروستیکردبوون، هەلومەرجی لەبار بۆ گەشەسەندن و بازاڕێک بۆ کاڵاکانی و ئازادی بازرگانی و گواستنەوەی دروستکرد، ئەمەش وڵاتانی وەک ئەمڕۆ دەیانناسین هێنایە ئاراوە - هەریەکەیان خاوەنی ئاڵای نیشتمانی خۆیەتی کە نوێنەرایەتی چینی سەرمایەداری وڵاتە جیاوازەکان دەکات.

لە کاتێکدا چینی بۆرژوازی خەباتی دەکرد بۆ تێکشکاندنی کۆت و بەندەکانی کۆمەڵگەی فیۆدالی، چینێکی نوێ لە تەنیشتیەوە سەریهەڵدا، کرێکار، چینێکی نوێی کۆمەڵایەتی بێ موڵک و ماڵ. زۆرێک لە جووتیارانی لادێ لەگەڵ دانیشتوانی شارەکان لەلایەن چینی سەرمایەداری تازە پێگەیشتوو بەرەو کارگە و کارخانەی سەرمایەداران بردران. تا سەدەی نۆزدەهەم، خەباتی چینایەتی لە جیهاندا سیمایەکی تەواو نوێی هەبوو لەوەی کە لە سەردەمی شەڕەکانی جووتیارانی ئەڵمانیادا هەیبوو. ئێستا ڕووخساری هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بە جۆرێک لە ژێر کاریگەری خەباتی چینی کرێکاردا دەبوو. ئەو ئاڵا سوورەی کە ئەم چینە بەرزیان کردبووەوە گرنگییەکی تەواو نوێی هەبوو، ئەرکی مێژوویی کرێکاران بۆ ڕزگارکردنی خۆی و هەموو مرۆڤایەتی بوو.

لە ساڵی ١٨٤٨، ئەو ساڵەی مانیفێستی کۆمۆنیستی تیا بڵاوکرایەوە، لە ڕاستیدا تەنها چەند مانگێک پێش بڵاوبوونەوەی، ئاڵای سوور مژدەی خەباتی کرێکاری گەشەسەندوو بوو لە سەرانسەری ئەوروپا. شانزە ساڵ پێشتر لە فەرەنسا، کرێکارانی پاریس لە یاخیبوونێکدا ئاڵای سووریان بەرزکردەوە کە ئامانجی ڕووخانی حکومەتی لویس فیلیپ بوو. دواییتر لە شوباتی ساڵی ١٨٤٨دا کرێکارانی پاریس جارێکی دیکە دەستیانکردبووەوە بە سەنگەر دروستکردن.

پرسی هەڵبژاردنی ئاڵای نەتەوەیی فەرەنسا لە ڕۆژانی دواتردا سەریهەڵدا. کرێکاران خوازیاری ئەوە بوون کە ئاڵاکە سوور بێت. بەشەکانی بۆرژوازی کە هاتبوونە ناو ئەم خەباتە، بە هەوڵی گۆڕینی دەوڵەت لە دەسەڵاتی پاشایەتی بۆرژوازییەوە بۆ کۆماری بۆرژوازی، داوایان دەکرد ئاڵای نەتەوەیی ئەو ئاڵا سێ ڕەنگە بێت کە لە سەردەمی شۆڕشی بۆرژوازی فەرەنسادا بەرزکرایەوە.

خەباتی کرێکاران لە کۆتاییدا لە خوێندا نوقمکرا و تاکە ئیمتیازێک بۆ داواکارییەکەیان، گوڵێکی سوور بوو (نیشانەیەک کە لە گوڵەبەڕۆژەی سوور دەچوو)، بە ئاڵای فەرەنساوە لکێنرابوو.

لە ساڵی ١٨٧١دا جارێکی دیکە ئاڵای سوور بەسەر پاریسدا بەرزبووەوە، ئەمەش ڕاگەیاندنی کردەوەیەکی مێژوویی بێوێنەی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی کرێکار بوو. کۆمۆنەی پاریس دامەزرا. ئەمە یەکەمجار بوو کە ئاڵای سوور نەک تەنیا بۆ یاخیبوون، نەک تەنیا بۆ ڕاپەڕین، بەڵکو بۆ شۆڕش – بۆ سەرکەوتنی خەباتی کرێکاران و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری بوو.

لە سەردەمی کۆمۆنەی پاریس و بەدواوە، ئاڵای سوور بوو بە هێمای ئاواتەکانی کرێکارانی نێونەتەوەیی و ئەرکی مێژوویی بۆ ئازادی هەموو مرۆڤایەتی. لە یادکردنەوەی ئەو خەباتەدا لینین نووسیویەتی: "یادی خەباتگێڕانی کۆمۆن، نەک تەنیا لە لایەن کرێکارانی فەرەنسا، بەڵکو لەلایەن کرێکارانی جیهانەوە ڕێزی لێدەگیرێت. چونکە کۆمۆن نەک بۆ هەندێک ئامانجی نیشتمانی یان تەسک و بچوک، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتی زەحمەتکێش، لە هەموو چەوساندەوەیەک خەباتی کرد. کۆمۆن وەک تێکۆشەرێکی پێشەنگ بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، لە هەر شوێنێک کرێکارێک ئازاری هەبێت و خەریکی خەبات بێت، هاوسۆزی بەدەستهێناوە".

جەنگاوەرانی کۆمۆنە بە ئاگایی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی خۆیان ڕەتکردەوە و ئاڵای سووریان کردە سیمبولی ئازادی کرێکارانی جیهان.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، لە ژمارەیەک وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ژاپۆن، سەرمایەداری بۆ سەرمایەداری ئیمپریالیستی پەرەی سەند. لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا یەکەم جەنگی ئیمپریالیستی ڕوویدا. بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ جەنگ، چینە فەرمانڕەواکانی وڵاتانی ئیمپریالیستی دەستیان کرد بە بانگەشەی "گەلەکەم لەسەرووی هەموویانەوە" و "بەرگری لە نیشتمان". بۆ ئامادەکاری بۆ جەنگ، چینە فەرمانڕەواکانی ئەم وڵاتانە ئاڵای نیشتمانییان بەهێز کرد و ئاڵای سووریان لە هەموو کاتێک زیاتر سەرکوت کرد. لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکاندا، لەوانە لە نێو کۆمۆنیستەکاندا، مشتومڕ دروستبوو: ئایا ئاڵای شۆڤێنیزمی نەتەوەیی بەرز بکەنەوە یان ئاڵای شۆڕشی کرێکاری و کۆمۆنیستی. ئەم مەسەلەیە، واتە مشتومڕی نێوان ناسیۆنالیزم یان ئینتەرناسیۆنالیزم، دووبەرەکی لە نێوان گرووپ و پارتە کۆمۆنیستەکاندا دروست کرد – ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم – لەسەر ئەم پرسیارەی ناسیۆنالیزم بەرامبەر بە ئینتەرناسیۆنالیزم دارما.

ئاڵای سوور لە زۆرێک لەو وڵاتانە لەلایەن کرێکارانەوە هەڵکرا. ڕاپەڕینی بەرفراوان لە سوپا و هێزی دەریایی هەردوو وڵاتی فەرەنسا و ئەڵمانیا سەریهەڵدا. هەروەها ئاڵای سوور لە ئەمریکا لەلایەن کرێکارانی پیشەسازی و کەسانی دیکەوە بەرزکرایەوە. بەڵام تەنیا لە ڕووسیا بوو - کە حیزبی چینی کرێکار و سەرکردەکەی لینین بەردەوام هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانەی بەرامبەر بە حکومەت پاراستبوو - کە چینی کرێکار لە ڕاستیدا توانیبووی سوود لەو قەیرانە سەختە وەربگرێت کە بەهۆی شەڕەوە قورستر بووبوو وە ڕاپەڕینێکی چەکداری ئەنجام بدەن و دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا بگرن. تەنها لە ڕووسیا ئاڵای نەتەوەیی ڕووخێنرا و ئاڵای سووری کۆمۆنیزم لە شوێنی دانرا.

بەلشەفییەکان سەرکەوتوو بوون لە ڕاکێشانی خەڵک بۆ بەرنامەی سیاسی خۆیان و لە شەوی ٢٥ی ئۆکتۆبەردا بانگهێشتی ڕاپەڕینیان کرد. ئاڵای سوور لەسەر کۆشکی زستانی قەیسەر بەرزکرایەوە و ئەندامانی حکومەتی کاتی (بۆرژوازی ) دەستگیرکران. لە ڕۆژانی پاش ئەو سەرکەوتنە، کاتێک هەزاران کەس لە شەقامە جیاوازەکانەوە ڕژانە گۆڕەپانی سوور و سروودی ئینتەرناسیۆنالیان دەگوت، ئاڵای سووری شکۆمەند لە سەرەوەی دیواری کرملین بەرز کرایەوە. لینین سەبارەت بە گرنگی شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەڵێت: "ئێمە هەرگیز ئەو ڕاستییەمان نەشاردۆتەوە کە شۆڕشەکەمان تەنها سەرەتایە و سەرکەوتنی کۆتایی دێت کاتێک هەموو جیهان بە گڕی ئەم جۆرە شۆڕشە ڕووناک دەکەینەوە."

بۆ یەکەمجار کرێکاران و پارتە سیاسیەکەیان دەسەڵاتی سیاسیان گرت، حکومەتی کرێکاریان دامەزراند و دەستیان بە گواستنەوەی سۆشیالیستی کۆمەڵگە کردبوو. ئەمەش بازدانێکی مێژوویی بوو بۆ دۆزی کریکاری نێودەوڵەتی و ئەرکی مێژوویی کرێکار.

ئەمڕۆ شۆڕشی سۆشیالیستی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو پێچەوانە بۆتەوە. بەڵام چیرۆکی ئاڵای سوور لە خەباتی ستەملێکراو و ئیستغلالکراوان و ئامانجی شۆڕشی کرێکاری و تێڕوانینی ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری جیانەکراوە دەمێنێتەوە.

لە کاتێکدا خەڵک خەریکی خەباتە، دەبێت ئەوە بزانین کە ئاڵایەک هەیە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی خەڵک دەکات، بەڵام ئاڵای یەک نەتەوە نییە. ئاڵای سووری کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاری. ئەو ئاڵایەیە کە چەوسێنەران و ستەملێکراوان لە سەرانسەری جیهاندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە بە پێچەوانەی دابەشکردنیان. ئەو ئاڵایەیە کە نوێنەرایەتی ئەرکی مێژوویی چینی کرێکار دەکات بۆ ڕزگارکردنی خۆی و هەموو مرۆڤایەتی.

**لە ئینگلیزییەوە کراوەتە کوردی.**




## کرێکاران،
## زەحمەتکێشان،
## لایەنگرانی وشەو
## دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bpeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# دیموکراسی: لێکدانەوەکان و واقعیەت

## چاوپێکەوتنی مەنسور حیکمەت لەگەڵ ئینتەرناسیۆناڵ

بەشی یازدەهەم

**ئینتەرناسیۆناڵ: بەم شێوەیە ئایا بە بڕوای ئێوە وشە و چەمکی دیموکراسی، ناکرێ لە لایەن چینی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی کرێکارییەوە سوودی لێ وەربگیرێت؟ با پرسیارەکە ئاوا بخەمە ڕوو: بۆچی ناتوانرێ لەبەرامبەر گوزارشتی بۆرژوایی بۆ دیموکراسی، گوزارشتێکی پرۆلیتاری و سۆشیالیستانە بۆ دیموکراسی هەبێت، هەر بەو جۆرەی کە لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی و لەوانەش لە بیری خودی لێنیندا هەبووە و لەناو کۆمۆنیستەکاندا دەستەواژەیەکی کۆن و مەقبووڵ بووە؟**

**مەنسوور حیکمەت:** من دژایەتییەکی فۆنەتیکیم لەگەڵ بەکارهێنانی وشەی دیموکراسیدا نییە. لە زۆر باردا خەڵک لەجیاتی چەمکی ئازادی، بەرقەراریی مافە مەدەنییە ناسراوەکان، وە یان تەنانەت لەجیاتی بوونی تەحەمولی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر بیروڕا و عادەت و نەریتە جۆراوجۆرەکان و شتی لەم بابەتانەدا، لەم دەستەواژەیە کەڵک وەردەگرن. ئەوەی کە من دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە، ئەم چەمکە لەو جێگایەدا کە وەکوو ئایدیاڵێکی سیاسی بەکار دەبرێت و بەتایبەتی لەو جێگایەدا کە چەپ دەچێتە سەر ناساندن و پیاهەڵدانی، چەمکێکی گومراکەرە و لەڕووی سیاسییەوە زیان لە خەبات بۆ ئازادیی واقیعی دەدات. باسەکەی من ئەوەیە کە دیموکراسی هاوتای ئازادی نییە. دیموکراسی شێوازێکی حوکوومەتی و زنجیرە ئایدیا و پراکتیکێکی سیاسییە لەگەڵ بوونی کۆمەڵایەتی سەرمایە و ئەو بێمافییە سیاسییانەدا دەگونجێت کە لێوەی سەرچاوە دەگرن، بە تایبەتی لە سەردەمی ئێمەدا هیچ پەیوەندییەکی بە بەرینبوونەوەی مافەکانی جەماوەری خەڵکەوە نەماوە. دیموکراسی ناوێکی سیاسی و ئارمێکە بۆ بار و دۆخێکی سیاسی و ئابووریی کۆنەپەرستانە کە تیایدا پیرۆزیی بازاڕ تەوەری بنچینەییەتی.

ئەوە ڕاستە، کە تا ئێستا وشەی دیموکراسی بە گشتی لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیستیدا لایەنێکی پۆزەتیڤی هەبووە و وەکوو وشەیەکی بنچینەیی لە خەباتی سیاسیدا و لە مەسەلەی تاکتیکدا حیساب کراوە، بەڵام ئەمە ئیتر بە بڕوای من دەبێ ئاڵوگۆری بەسەردا بێت، چونکە بار و دۆخی بابەتی و مانای عەمەلیی دیموکراسی و هەروەها تێڕوانینی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ بۆ دیموکراسی ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە. ئەوەش بڵێم کە خودی مامەڵەی بیریارانی کۆمۆنیست لەگەڵ دەستەواژەی دیموکراسیدا هەر لە نووسینە سەرەتاییەکانی مارکس و ئەنگلس (١٨٤٣-١٨٤٧) سەبارەت بە ڕەوەندە فیکرییەکان و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەورووپاوە، تا دەگاتە شێوە مامەڵەی لێنین لەجەرگەی شۆڕشی ڕووسیا، لەگەڵ بزووتنەوە جەماوەرییەکانی سەرەتای ساڵانی بیستەکانی ئەم سەدەیەدا، ئاڵوگۆڕێکی وای بەسەردا هاتووە، کە خۆی لە لایەکەوە پێشاندەری پلەیەک لە لێوردبوونەوەی تیۆرییە و لەوەش گرنگتر پێکهاتی کۆنکرێتی دیموکراسی و دیموکراتیزمە لە دنیای واقیعیدا. لە نووسراوە مارکسیستییە کۆنەکاندا لە نێوان پرانسیپی دیموکراسی بە مانای حوکوومەتی خەڵک، یان حوکوومەتی خەڵکی لەگەڵ لیبراڵیزم و پەرلەمانتاریزم وەکوو ناوەڕۆکی عەمەلیی دیموکراتیزمی بۆرژوایی، لێک جیاکردنەوەیەکی بەرجەستەتر لە ئارادایە لەچاو ئەوەی ئەمڕۆ من دەیڵێم. لە کاتێکدا لیبراڵیزم و دیموکراسیی بۆرژوایی بە ڕۆشنی بە خاوەندارێتی تایبەتی و بازاڕ و سەرمایەوە گرێ دەدرێنەوە، دیموکراسی بە مانا گشتییەکەی بە ناونیشانی "کۆماریخوازی" و کۆتایی پاشایەتییە ڕەهاکان، بە ناونیشانی خواستی بوونی خەڵک بە سەرچاوەی دەسەڵات و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی شارستانی پشتبەستوو بە یاسا و دڵسۆز بۆ ئاسودەیی و بەختەوەریی هاووڵاتیان و شتی لەم چەشنە تەماشا دەکرێت. لەم بارەدا دیموکراسی وشەی ڕۆژە. لە مێشکی خەڵکدا هاوتای هۆشیاربوونەوەی خەڵکە بە مافەکانیان و ویست و ئارەزوویانە بۆ بەدەستەوەگرتنی کاروباری خۆیان. لەسەر ئەم بنەمایەوەیە کە مارکس و ئەنگلس چەندین جار لە "دیموکراسیی کۆمۆنیستی" لە "ئێمە دیموکراتەکان"، لە "دیموکراسیی واقیعی"، بۆ جیاکردنەوەی دیموکراسیی کرێکاران لە دیموکراسیی بۆرژواکان و خانەدانەکان و هەروەها لە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ وەکوو ئامانجی دیموکراسی و ئەم جۆرە شتانە دەدوێن. بە بڕوای من ئەمە ئاساییە، چونکە جەنگی کۆمەڵایەتی بۆ مانادان بە وشەی دیموکراسی لە ئارادایە و ئەم جۆرە فۆرموولبەندییانە خۆیان بەشێک لە تەقەلای کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی سۆسیالیستن بۆ دانانی سۆسیالیزم لە دەستووری کاری کۆمەڵگەیەکدا کە لەبەرامبەر ئیستیبداددا پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە "دیموکراسی" ناو دەبات. دواتر بێگومان لە نووسراوەکانی مارکس و ئەنگلسدا لێک جیاکردنەوەیەکی یەکجار ڕۆشنتر لە نێوان کۆمۆنیستەکان و سۆسیالیستەکان لەگەڵ دیموکراتەکان و دیموکراسیدا دەکرێت و دیموکراسی دەبێتە وشەیەک کە زۆرتر لەجەرگەی قسەکردن سەبارەت بە ڕادیکاڵیزمی بۆرژوایی و جم و جووڵی وردەبۆرژوازی دێتە ئاراوە. هەر چۆنێک بێت لە سەرەتای کاردا، مارکس و ئەنگلس تا ڕادەیەک سۆشیالیزمیان تەنانەت وەکوو ئامانج و ناوەڕۆکی عەمەلیی سەرکەوتنی دیموکراسی، وەکوو بەدیهاتنی دیموکراسیی واقیعی باس کردووە. سەردەمی لێنین سەردەمێکی جیاوازە. دیموکراسی بەکردەوە بە لێکدانەوەی بۆرژوا-لیبراڵییانەی خۆیەوە جێ کەوتووە و کەمتر ئەو مانا گشتی و بێ شکڵە "کۆماریخوازی"یەی کۆنی هەیە. لێنین تەنانەت هەوڵی داوە، بنەماکانی مانەوەی ڕادەیەک لە تەحەمولی سیاسی و ئازادییە مەدەنییەکان لە وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوودا، لەسەر بنەمای بوونی نیزامێکی جیهانی و ئیمپریالیستی و دابەشکردنێکی نێونەتەوەیی ئازادی و داپڵۆسین ڕوشن بکاتەوە. لێنین زۆر زیاتر لە ڕابەرانی پێشووی کۆمۆنیزم خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت کە لەگەڵ ئەو دیموکراسییەی لە واقیعدا هەیە، لەگەڵ لیبراڵیزم و نیزامی پەرلەمانی و هەڵبژاردنەکەیدا، ڕووبەڕوو بێتەوە و وێنایەکی کۆنکرێتتر لە دیموکراسیی کرێکاریی پشتبەستوو بە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و شووراکان بەدەستەوە بدات. بەڵام دەرکەوتنی سیمای حوکوومەتی کرێکاری وەکوو "دیموکراسی"ی کرێکاری بۆ لێنین، زیاتر لایەنێکی دیفاعی هەیە و لە بنەڕەتدا لە پلمیک لەگەڵ کەسانێکدا دەهاتە ئاراوە، کە لە هەڵوێستی پێشداوەرییە لیبراڵییەکان و نیزامی پەرلەمانییەوە ئازادییە سیاسییەکان لەژێر سایەی حوکوومەتی کرێکاریدا دەخستە ژێر پرسیارەوە. خودی چەمکی دیموکراسی بۆ لێنین ئیتر زیاتر لە جاران لەجەرگەی پراتیکی سیاسیی بۆرژوازیدا جێگا داگیر دەکات، "دیموکراسی شۆڕشگێر" دەستەواژەیەک کە لێنین پێی باش بوو سەبارەت بە ڕادیکاڵیزمی دەستەنگانی غەیرە پرۆلیتێری بەکاری بەرێت، لە نووسراوەکانی ئەودا لە سەروبەندی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بەتایبەتی لە دوای شۆڕشدا، ئیتر بە تەواوی وەکوو تەمایولات و بزووتنەوەیەکی ناپرۆلیتاری و جیاواز لە سۆسیالیزمی کرێکاری بەکار دەبرێت. ڕادیکاڵیزم و ئازادییخوازیی کرێکاری بە سۆسیالیزم و ڕادیکاڵیزمی ناکرێکاری بە "دیموکراسیی شۆڕشگێڕ" وەسف دەکرێن.

دوو خاڵ لە تێڕوانینی لێنیندا بۆ دیموکراسی، شایانی سەرنجدانە: یەکەم، دیموکراسی زیاتر لە جاران لە یەک ئایدیاڵی گشتی، لە یەک هاوتای سیاسییەوە بۆ چەمکی ئازادی، دەبێتە بار و دۆخێکی سیاسیی موشەخەس و تەنانەت ڕاگوزەر کە بە وێستگەی سەر دووڕییانێک و بە بەردەبازێک بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە قەڵەم دەدرێت. ئەوە ڕادەگەیەنرێ کە سۆسیالیزم واتە زیاتر ڕۆیشتن لە دیموکراسی، واتە گەیشتن بە ئازادیی واقیعی. دووەم، بار و دۆخی دیموکراتیکی جێ مەبەستی کرێکاران، وەکوو دەورەیەکی ڕاگوزەر، زیاتر

لە جاران لەگەڵ شکڵ و چوارچێوەیەکی غەیرە لیبراڵی و شوورایدا وەسف دەکرێت. پراکتیکی ڕاستەوخۆ و لەخوارەوەی کرێکاران و توێژە ژێردەستەکان و هەروەها ئۆرگانە جەماوەرییەکانی ئەم پراکتیکە ڕاستەوخۆیە بەرجەستە دەبێتەوە. بە واتایەکی تر، دیموکراسی لە شێوە مامەڵەی لێنیندا ڕەسەنایەتی و حەقانییەتی خۆی لەو توێژە کۆمەڵایەتییانەوە بەدەست دێنێ، کە لە هەر دەورەیەکدا پایە و بناغەکەی پێک دەهێنن و ئەو بار و دۆخەش بە دیموکراتیک دەژمێردرێ کە ڕێگرییەکانی بەڕێوەچوونی ئیرادەی سیاسیی توێژە دەستتەنگەکان تیایدا لەنێو چووبێت. بۆ لێنین بوون و مانەوەی ئازادییە سیاسی و مەدەنی (تەنانەت بۆرژوایی)یەکان کە بە بڕوای ئەو بۆ پێشڕەوی چینی کرێکار حەیاتییە، خۆی بە بەڕێوەچوونی ئیرادەی ئەو چینانەوە کە بە پێچەوانەی بۆرژوازییەوە لەم مافانە کەڵک وەردەگرن بەندە.

تەداعیبوونی دیموکراسیش لە پلەی یەکەمدا لەگەڵ بەڕێوەچوونی ئیرادەی ڕاستەوخۆ و لە خوارەوەی جەماوەر و ئۆرگانە ڕاستەوخۆ و ناوچەییەکانی ئەم حەرەکەتە، نەک بەوەی کە کۆمەڵێکی زانراو لە ماف و ئازادییە مەدەنییەکان و ئۆرگانە یاسادانەرە هەڵبژێردراوەکانی وەک پەرلەمان، بە نۆرەی خۆی بەڕەچاوکردنی هەلومەرجەکانی ئەو دەورەیە قابیلی دەرککردنە. لەو دەورەیەدا لە لایەکەوە لە ئەورووپا دیموکراسیی پەرلەمانی بووە بە شتێکی جێکەوتوو، وە پەیوەندیی لیبراڵیزم و پارلەمانتاریزمی بۆرژوایی لەگەڵ کۆنەپەرستیی کاپیتالیستی و ئیمپریالیستیدا دەتوانرێت زیاتر ڕۆشنتر ببینرێت. لە لایەکی ترەوە بەکردەوە خەریکە هەڵسانە سۆسیالیستییەکان لەپێناو بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسیدا لە دەستووری بزووتنەوەی چینی کرێکاردا جێ دەکەوێت. تواناییەکانی بزووتنەوەی چینی کرێکار بە شێوەیەکی بابەتی لە ڕیفۆرمی پەرلەمانی زیاتر تێپەڕی کردووە.

لە ڕێچکەی شێواندنی مارکسیزم لە سۆڤێت لە سەردەمی ستالیندا و دواتریش لە ئەزموونی چین و پەرەسەندنی ماویزمدا، پەیوەندیی دەستەواژەی دیموکراسی لەگەڵ ماف و ئازادییە مەدەنییەکان لە لایەکەوە و لەگەڵ بە عەمەلیبوونی ئیرادەی لەخوارەوەی توێژە دەستەنگەکان لە لایەکی دیکەوە بەتەواوی وەلا دەنرێت. لە لایەکەوە دیموکراسی دەبێتە ناوی خوازراوی چەند توێژێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتی کە سەربەخۆ لە سیاسەت و ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان تەنها بە ئیعتیباری جێگای ئابوورییان بە "دیموکرات" لەقەڵەم دەدرێن، لەلایەکی دیکەشەوە خودی ئەم توێژانە چ لە تێڕوانینی سیاسیدا و چ لە دنیای واقیعدا، بەو هێزە سیاسییانە و بەو دەوڵەتانە جێگایان دەگیرێتەوە کە "نوێنەری" چینایەتی ئەوانن. زۆر بە سادەیی، بار و دۆخێکی دیموکراتیک کە لەم مەکتەبانەدا بە دیموکراسیی خەڵکی، یان جەماوەری ناو دەبرێن، بار و دۆخێکە کە حیزبە "خەڵکی"یەکان تیایدا دەسەڵاتیان لەدەستدایە. لەم جۆرە دیموکراسییانەدا کە فۆرمی بنەڕەتیی حوکوومەتکردن لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی بلۆکی سۆڤێت و چین و پەیڕەوە سیاسییە دوور و نزیکەکانیاندا بوو، ئەوەی کە پاکانەی دیموکرات لەقەڵەمدانی ڕژێم دەکات، خەڵکیبوونی دەوڵەت، نەک لەئارادابوونی ئازادییە فەردی و سیاسی و مەدەنییەکان، وە یان ئۆرگانە ناوچەیییەکانی بڕیاردانی جەماوەری و شتی لەم چەشنە.

ئەم لێکدانەوە دەوڵەتی-خەڵکییە بنچینەی دەرکیی چەپی دژی ئیمپریالیستیی جیهانیی سێیەمی لە دیموکراسی بوو. ڕەنگە لەبیرتان بێت، کاتێک لە سەرەتای شۆڕشی ساڵی ٧٩دا، ئێمە قسەمان لە ئازادییە بێ قەید و شەرتە سیاسییەکان دەکرد لە بابەتی ئازادیی بڵاوکردنەوە و چاپەمەنی و شتی لەم بابەتە، تەنانەت ڕادیکاڵترین بەشی چەپی ئەوسا، خەتی٣ و دەوروبەرەکانی، تەزوو بە لەشیاندا دەهات. بەوەیان تاوانبار دەکردین کە دەمانەوێ بڵاوکراوەی میزان بپارێزین! لە مەکتەبی ئەواندا، یان هەر چۆنێک بێت لە دەربڕینە شێوە سۆشیالیستییەکانیاندا کە بیانەوێ و نەیانەوێ لە ستالین و ماوتسیتۆنگەوە بە میرات بۆیان بەجێ مابوو، دیموکراسیی خەڵکی بە مانای بەدەسەڵات گەیشتنی بەرەیەکی یەکگرتووی حیزبە خەڵکییەکان بوو. ئەمەی کە مافەکانی تاک لەم نیزامەدا چییە، ئازادیی بڵاوکردنەوە و مانگرتنی خەڵک لە ڕوانگەی ئەوانەوە چی بەسەر دێ، ئیتر ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەیدانی لیبراڵیزمەوە هەبوو.

ئەم تێڕوانینە دەوڵەتگەرایی و خەڵکییانەش بۆ دیموکراسی، زەمینەی کۆمەڵایەتیی خۆی هەبوو. ئەمە شتێک نەبوو بێجگە لە ناسیۆناڵ ڕیفۆرمیزمی ئیمپریالیستیی وردەبۆرژوازی و ڕۆشنبیرانی ناڕازی لە دواکەوتوویی ئابووری لەم جۆرە وڵاتانەدا. بڕیار بوو دیموکراسی خەڵک، ڕژێمێکی سیاسی بۆ گەشەی ئابووری و پیشەسازی و کۆتاییهێنان بە وابەستەیی بە ڕۆژئاواوە بێت و ڕژێمێکی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی "سەربەخۆیی" ئابووری و بەرزکردنەوەی ئیعتیباری سیاسیی وڵات بێت. چونکە پەرەسەندنی ئابووری و سەربەخۆیی سیاسی ئەو تەمایولاتانە بوون کە خەڵک و توێژە خەڵکییەکانی دیاری دەکرد. لەبەرامبەردا، ئازادیی فەردی، بەرینبوونەوەی ڕۆشنبیری، جۆراوجۆربوون و بەرەوسەرچوونی ئاستی بەکاربردن (استهلاک)، هەموو وەکوو تەمایولاتی بۆرژوایی و ناتەبا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا حیساب دەکران. لەپشتی هەموو ئەمانەوە، دەتوانرا هەوڵ و تەقەلای بەشێک لە بۆرژوازیی جیهانیی سێیەم و وڵاتانی دواکەوتوو ببینرایە کە دەیویست بە ڕێکخستنی دەوڵەتێکی بەتوانا و نەتەوەیی، لەسەر بنەمای هەڵخڕاندنی ئایدیۆلۆژیکی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵ، بۆ ڕازیبوون بە هەلومەرجی سەختی ئابووری و تەنگەبەریی سیاسی، قۆڵی پەرەپێدان و پیشەسازیکردنی ئابووریی نیشتمانیی لێ هەڵماڵێت. دیموکراسی و دیموکراسیی خەڵک، هۆی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی دەوڵەتێکی بۆرژوایی لەو چەشنە بوو. بە بڕوای من لەگەڵ پەیدابوون و دواتر بەسەرچوونی دەستەواژەی دیموکراسیی خەڵکیدا، ئیتر دەورانی شانبەشان ڕۆیشتنی کرێکار و سۆسیالیزم لەگەڵ دەستەواژەی دیموکراسیدا بەفەرمی تەواو دەبێ، چونکە لە دیموکراسیی خەڵکیدا، ڕێک وەکوو دیموکراسیی لیبراڵی، دەستەواژەی دیموکراسی جارێکی دیکە دەبێت بە ئامرازی شەرعییەتپێدانی دەوڵەتی چینایەتی-بۆرژوازیی دەسەڵاتدار.

ئەم واقیعییەتەی کە دەورەی نوێی خۆشەویستبوونی دیموکراسی کە لەم ساڵانەدا بینیومانە بە فەرمی لەجەرگەی بەپیرۆزدانانی بازاڕ و بە نەمر ناساندنی کاپیتالیزمدا شکڵ دەگرێت، خۆی شایەدی ئەوەیە کە ئیتر دەورانی ڕادیکاڵیزەکردن و "بەڕەسەن"کردن و کرێکاریکردنی دەستەواژەی دیموکراسی لە لایەن سۆسیالیستەکانەوە بەسەر چووە. دیموکراسی لە هەر دەورەیەکدا بەرهەمێکی دیاریکراوی مێژووییە و ناگاتە هەر شوێنێک کە لێکۆڵەرەوەکانی دەیانەوێ. ئێمە ئیتر نە لە سەردەمی مارکس و چاوکرانەوەی کرێکار سەبارەت بە مافە سیاسی و مەدەنییەکانداین و نە لە سەردەمی لێنین و یەکەمین شۆڕشە کرێکارییەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتداین. ئەمە سەردەمێکی تازەیە. بۆگەنیی کردەوەکانی سەرمایەداری و ئابووری و سیاسەتەکەی بڵاو بۆتەوە. هەر کەس سەرپشکە لەوەی هەر وشەیەک بەکار بێنێ کە مەبەستەکەی ڕوون دەکاتەوە. بەڵام بە بڕوای من، چەمک و دەستەواژەی دیموکراسی بۆ کۆمۆنیزمی کرێکاری هیچ ڕێگایەک ڕۆشن ناکاتەوە. زیاتر لەوەی ببێتە مایەی هۆشیاری، نارۆشنی دروست دەکات، زیاتر لەوەی ڕیزی ئازادیخوازیی دنیای ئەمڕۆ پێناسە بکات، بە خێڵێکی گەورە لە خراپترین دوژمنانی ئازادیی مرۆڤ لە کەداری دەکات، زیاتر لەوەی نیزامی کۆمەڵایەتیی شایستەی ژیانی مرۆڤ پێناسە بکات، مۆری پشتیوانی لە نیزامە گەندەڵ و سەرکوتگەرەکانی ئێستا دەدات. بە بڕوای من دەبێ ئەم وشەیە وەلا بنێین و هەر چەندە نابەدڵیش بێت، لەم شانۆگەرییە منداڵانەیەی دوا دوایی سەدەی بیستەمدا بەشداری نەکەین. ئێمە دیموکرات نین، ئێمە ئازادیخوازین، سۆسیالیستین بەرگری لە مرۆڤ و حورمەت و مافە فەردی و گشتییەکانی لەبەرامبەر نیزامی چینایەتیی حاکمدا دەکەین. ئامانجی مێژوویی ئێمە دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت نییە، بەڵکوو لەنێوبردنی کۆڵەکەکانی وجودیەتی. ئێمە لێبڕاوانە داکۆکی لە ئازادییە فەردی و مەدەنییەکانی مرۆڤەکان دەکەین لەبەرامبەر دەستدرێژییەکانی دەوڵەت و حیزبەکاندا بە دیموکراتیک و نادیموکراتیکەوە، بە پەرلەمانی و ناپەرلەمانییەوە، وە پێمان وایە کە تەنها شۆڕشی سۆسیالیستیی کرێکار و ئەو مرۆڤانەی کە بەدەوری ئاڵای ئەم شۆڕشەدا گرد و کۆ دەبنەوە، دەتوانن کۆمەڵگەیەکی ئازاد بە مانای واقیعی وشەکە دابمەزرێنن.

**درێژەی دەبێت...**



**ئەبو كاروان مام فارس“ ئەبو كاروان“: ئەم دوولایەنەی حوكمڕانی لە هەرێمی كوردستان لە جەوهەردا بڕوایان بە هەڵبژاردن و دەستاو دەستكردنی دەسەڵات نییە و ناچاربوونە بەپێی ئەم واقعەی كە لە دونیادا پەیرەو دەكرێت هەڵبژاردنی ڕووكەشانە ئەنجام بدەن، بۆیە ئەوان حیزبەكانیان لە سەرووی دەسەڵاتەوە دەبیین...**

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ ئەندامی مەكتەبی سیاسی حزبی شیوعی كوردستان ئەبو كاروان مام فارس“ ئەبو كاروان“ سەبارەت بە هەڵبژاردنەكانی كوردستان و لێكەوتەكانی...

**بۆپێشەوە: هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان كۆتایی هات... چۆن دەروانە بەڕیوەچوونی پرۆسەكە؟ بەشیكی زۆری لایەنەكان كە پیشتر پێداگریان لەسەر بە پاكی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەكان دەكرد، دوای هەڵبژاردنەكە ئاماژە بە دیزاینی پیش وەختە دەكەن و دەڵێن ساختە كاری كراوە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**ئەبو كاروان:** ئەم هەڵبژاردنەش بە پێشلكاری و سەرپێچی دەستی پێكرد، هەر لەبەكارهێنانی سامانی گشتیی و پارە دابەشكردن و و كڕینی دەنگەوە بۆ چاوسوركردنەوە و هەڕەشەكردنی لەكارمەندان حكومەت و هێزەكان دەستی پێكرد، ڕادەی توندوتیژیی ڕۆژانی بانگەشەو ڕۆژی هەڵبژاردن كەمتر بوو بەبەراورد لەگەل هەڵبژاردنەكانی پێشوو، كێشەو گرفتی گەورە ڕووی نەدا وەكو ئەوەی هەندێ كەس پێشبینی دەكرد. دوو لایەنی كوردستانی دەسەڵاتدار هەر لەیەكەم هەڵبژاردنەوە لە ساڵی ١٩٩٢ وە بەردەوام بیریان لەتەزویرو ساختەكاری كردوەتەوەو بە كردەوەییش ئەنجامیان داوە بۆیە ئەوان لە لایەنەكانی تر زیاتر باسی دیزاینكردنیان دەكرد بە هاوكاری وڵاتێكی ئەقلیمی و بەڕوونی ئێران، لەبەرئەوە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەكان و دەرنەچونی پەنجەمۆری زیاتر لە ١٣٠ هەزار دەنگدەرو سووتاندن و پوچڵكردنەوەی زیاتر لە دوو سەد هەزار دەنگدەر جگە لە دەیان پێشیلكاری ترو بەكارهێنانی دەسەڵات و پارەو پۆست بوارییان خۆشكرد كە هەندی لە لایەن و لیستەكان ئەنجامەكان ڕەتبكەنەوەو باسی دیزاینكردن بكەن.

**بۆپێشەوە: زوربەی لایەنەكانی ئۆپۆزیسیۆن و بەشی زۆری نووسەر و ڕۆژنامەنووسان، بەر لە هەڵبژاردن باسیان لەوە دەكرد، كە ئەم هەڵبژاردنە دیزاینی سیاسی هەرێم دەگۆڕێت و خەڵك تۆڵەی نەبوونی موچەو خزمەتگوزاری و بێدادی و ستەم و بیمافی لە هیزەكانی دەسەڵات دەكاتەوە، كەچی ئەم ڕووینەدا، هۆكاری ئەمە چییە؟**

**ئەبو كاروان:** ڕاستە ئەو پێشبینی یە دەكرا و بەشێكی دەچێتە چوارچێوەی بیركردنەوە لەسەر بنەمای ئەوەی ئەو دوو حیزبەی دەسەڵات ساڵانێكە هەرێم بەڕێوە دەبن و نەیانتوانییە حوكمڕانییەكی باش بەڕێوەببن و بەپێچەوانەوە ژیان و گوزرانی خەڵكیان وێرانكردووەو گەندەڵی و تاڵانی سامانی گشتی و موڵكی و فەرهودكردن بەردەوامی هەبوەو ئەو نیمچە ئازادییەی كە لە كوردستان هەبووە پاشەكشێی كردوەو ئازادییەكان بەر تەسككراوەتەوە بێ ئەوە مەودای بیركردنەوەیان لە ئاستێكدابێت ئەمانە خاوەنی سوپایەكی خەڵكی خۆیان دامەزراندوەو پارەی میللەتی بۆ خەرج دەكەن، ئەمە لەلایەك و، لەلایەكی ترەوە نەبوونی ڕێككەوتن و بەرنامەیەكی هاوبەشی حیزبەكانی دەرەوەی پارتی و یەكێتی و كەواتە چۆن دەتوانرێ بەم شێوە كاركردنەی حیزبەكان دەتوانرێ گۆڕانكاری بكرێت لە دەسەڵات، هەروەها هەندێ باسی ئەو گوڕانكارایانەیان دەكرد لە چوارچێوەی هەڵمەتی هەڵبژاردن و كە ئەو جۆرە ڕیكلامكردنە كاریگەری دەبێت لە سەر دەنگدەرانی حیزبەكانی دەسەڵات و دەنگیان كەم دەبێتەوە..

**بۆپێشەوە: گوشارەكانی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ بچووككردنەوەی دەسەڵات و قەوارەی هەرێم لەدوای ١٧ ئۆكتۆبەرەوە دەستی پێكردووە، ئایا ئەم هەڵبژاردنە، دەتوانێت بەر بگرێت بەو گوشارانە و ئاییندەیەكی باشتر بخاتە بەردەم خەڵكی كوردستان؟**

**ئەبو كاروان:** سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین ئەم دەسەڵاتەی لە بەغدا حوكمڕانی دەكات لە ساڵی ٢٠٠٣ وە دەسەڵاتێكی تایفی مەزهەبی یە، نە بڕوای بە مافی میللەتی كوردستانەو نە بەدیموكراسیەت، هەرێمی كوردستان لە دوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ وە خاوەنی كیانێكی تایبەتی خۆی بووە، دەوڵەتە زلهێزەكانی جیهان مامەڵەیان لەگەڵ كردوەو دانیان پیاناوەو بڕیاری نەتەوە یەكگرتوەكانی بۆ دەرچوە، ئەوان هاتوون بە ناچاری مامەڵەیان لەگەڵ كردوە بۆیە هەركاتێ بۆیان كرابێت و بكری هەوڵی بچووككردنەوەو لە قاڵبدانی دەدەن، بەڵام كێشەكە لە خۆماندایە و لە حوكمڕانی دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێم دایە و نەیانتوانی حوكمڕانی باش بكەن و ساڵ لەدوای ساڵ لە پاشەكشەدان و كارگەیشتە ئەوەی نەتوانن مووچەی مووچە خۆرانی بدەن، لەپاڵ ئەمەیشدا نارەزایەتییەكان لەناو خۆو دەرەوەو بە یوئێن وە گەیشتە لوتكەو یاداشتی نارەزایەتییان ئاراستەی بەرپرسانی پارتی و یەكێتی كرد، بەغدا لەم بارودۆخە باش تێگەیشتووەو دەزانی بەتەواوەتی پێگەی هەرێم لاوازەو فشارەكانی بەردەوام دەبێت بڕوا ناكەم ئەم هەڵبژاردنەی پەرلەمانی كوردستان بتوانی بەرگەی فشارەكان بگرێت، چونكە ئەنجامەكان و هەڵمەتی هەڵبژاردن و پەیوەندی لایەنەكان ترازانی زیاتری لێكەوتوەتەوە، عەقڵیەتی سەركردەكانی هەردوو حیزب و پشكپشكێنە ڕێگرن لەسەر پێكهێنانی كابینەوەو چارەسەركردنی قەیرانەكان، كاتێك دەتوانرێ ڕوو بەڕووی فشارەكان ببنەوە ڕێككەوتنێكی فراوان سەرجەم حزبەكان و چین و توێژەكان ئەنجام بدریت و بەبەرنامەیەكی فراوان و سیاسەتێكی سەربەخۆیان ڕوو بە ڕووی بەغدا ببنەوەو مامەڵە لەگەل دەوڵەتانی ئەقلیمی و دونیا بكەن...

**وادەخوازێ حیزبەكانی دەرەوەی دەسەڵات حیوار و گفتوگۆ بكەن و ببنە خاوەن پرۆژەیەكی گشتگیر و بەرنامەیەكی هاوبەش بۆ ڕووبە ڕووبونەوەی ئەم شێوازە فاشیلەی حوكمڕانی هەرێم و ئەو پرۆژەو بەرنامەیە ببیتە بنەمای گفتوگۆی لایەنەكان و سەرجەم چین و توێژەكان و لە دەوری كۆببنەنەوەو پێكەوە فشار بخەنە سەر دەسەڵات كە مەیدانەكە چوڵ بكەن و دەستبەرداری دەسەڵاتداری لەم شێوەیە بن...**

**بۆپێشەوە: هەڵبژاردنی ئەمجارە بە بانگەشەیەكی زبر لەنیوان هێزەكانی دەسەڵات" پارتی و یەكێتی" بەڕیوەچوو، ئایا كابینەی دەهەم بەو نەفەسەوە دەتوانرێت زوو پێك بێت و پەیوەندی یەكێتی و پارتی تا ڕادەیەك ئاسایی بێتەوە؟**

**ئەبو كاروان:** لە كاتی هەڵبژاردنەكان بەردەوام پارتی و یەكێتی بەو شێوەیە ڕووبەڕووی یەك بونەتەوەو خۆیان چەند جارێك ڕایانگەیاندوە كە ئەو جۆرە خیتابانە تەنها بۆ هەڵبژاردنەو بۆ ڕازیكردنی دەنگدەرانی خۆیانە كە بۆ دژایەتی یەكتر پەروەردەكراون و دواتر پێك دێنەوە ئەگەرچی ئەم بانگەشەكردنەی ئەم خولە جیاوازترو توندتر بوو، پۆپۆلیستیانە بوو، شێوازەكەی جۆرێك لە ئسلوبی فاشیەتی نوێ تێدا دەركەوت، ناكۆكی نێوان ئەم دوو لایەنە پەیوەست نییە بەبەرنامەو خزمەتكردنەوە، داوا ناكەن سیاسەتی ئابوری حكومەت بگوڕن، ئازادیەكان فراونتر بكەن، ببنە خاوەن سیاسەتێكی سەربەخۆی كوردستانییانەی یەكگرتوو لەگەل بەغداو دەوڵەتان، بەڵكو پەیوەستە بە پلەو پۆستەوە، هەركاتێ توانیان یەكتر ڕازی بكەن و هەر لایەنێك پشكی خۆی پێبدریت ئەوا پێكهێنانی كابینە ئاسایی دەبێت و گەر پێچەوانەكەیشی وابوو یەكتر ڕازی نەكەن ئەوە پێكهێنانی كابینە قورستر دەبێت

**پێویستە لە سەر هێزە چەپ و كۆمەنیستەكان ڕابەرایەتی و پێشرەوایەتی ئەو بزوتنەوەی نارەزایەتیە بكەن دوور لە چەمكی ئایدیولۆژی، خاڵی هاوبەش و دروشمی هاوبەش و داخوازییەكانی خەڵك بكرێتە سەنتەری ئەو بزوتنەوە نارازی یە...**

**بۆپێشەوە: لەدۆخی سیاسی كوردستاندا، نە هەڵبژاردن بە بێ بەشداری پارتی و یەكێتی و نە پیكهێنانی حكومەت بە بێ بەشداری ئەم دوانە ناتوانرێت**

بۆ لاپەڕە 13

# درێژەی... دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ ئەبو کاروان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان

**پێک بێت، ئەمە دۆخە تا کەی درێژەی دەبێت؟**

**ئەبو کاروان:** لە دوای شەڕی ناوخۆی پارتی و یەکێتی واقیعی دوو ئیدارەی و دوو زۆنی دروستبوو، هەردوولایان ڕێککەوتن لەسەری و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کەپارتی یە دەسەڵاتی گواستنەوەی پۆلیسی نییە لە زوونی سەوز و و جێگرەکەیشی بە هەمان شێووە لە زوونی زەرد، ئەم دوو لایەنە دابەشبوونە بەسەر وڵاتانی ئەقلیمی و دەولییەوە و دابەشبوونەتە سەر دوو میحوەر، دەتوانم بڵێم ئەم دەوڵەتانەو یوئێن تاڕادەیەک پشتگیری لەم دابەشبوونە دەکەن، لە بەرامبەریشدا حیزبەکانی تر بەئۆپۆزسیون و ئەوانەی لە حکومەتدان و جەماوەریش بە شێوەیەکی گشتی هیچ فشاریکیان نییە بۆ سەر ئەم دوولایەنە کە ناچار بکرێن دەستبەرداری ئەم شێوە حوکمڕانییە ببن و هەرکاتێ بیانەوێ ڕێگری بکەن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بە پێی خواستی خۆیان...

**بۆپێشەوە: سەرباری ئەوەی لە هەرێم حکومەت و پەرلەمان هەبووە، بەڵام هەمیشە دەسەڵات لە جێگای ئەوەی لەدەستی حکومەت و پەرلەماندا بێت، لە دەستی حزبە دەسەڵات بەدەستەکاندا بووە، ئەم هەڵبژاردنە دەتوانێت ئەو واقعیەتە تاڵە بگۆرێت؟**

**ئەبو کاروان:** ئەم دوولایەنەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان لە جەوهەردا بڕوایان بە هەڵبژاردن و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات نییە و ناچاربوونە بەپێی ئەم واقعەی کە لە دونیاد پەیرەو دەکرێت هەڵبژاردنی ڕووکەشانە ئەنجام بدەن، بۆیە ئەوان حیزبەکانیان لە سەرووی دەسەڵاتەوە دەبینن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەداخولی دەسەڵات و بەڕێوەبردن دەکەن بەردەوامن لەو شێوازە کارکردنە، بۆیە لەم واقعە زەحمەتە گوڕانکاری بەدی بێت...

**بۆپێشەوە: کۆمەڵگەی کوردستان بەدەست هیزەکانی دەسەڵات بەدەستی بۆرژوازییەوە، گیری خواردووە، چ ژیان و گوزەرانی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش بەهۆی بێ موچەیی و کرێی کەم و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و بیمەکان... بەرەو خراپی چووە، هەم ئایندەی سیاسی کوردستان نادیارە، چۆن دەکرێت ئەم دۆخە باش بکرێت؟ ئەرکی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لەو راستایەدا چییە؟**

**ئەبو کاروان:** ڕاستە لایەنەکانی حوکمڕانی ناتوانن چارەسەری ئەم دۆخە خراپەی حوکمڕانی بکەن، ناتوانن چاکسازی و گوڕانکاری بکەن قەیرانەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بووندایەو هەرێم بەرەو چارەنووسی خراپتر دەبات، ئەمەیش وادەخوازێ حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات حیوار و گفتوگۆ بکەن و ببنە خاوەن پرۆژەیەکی گشتگیر و بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ ڕووبە ڕووبونەوەی ئەم شێوازە فاشیلەی حوکمڕانی هەرێم و ئەو پرۆژەو بەرنامەیە ببیتە بنەمای گفتوگۆی لایەنەکان و سەرجەم چین و توێژەکان و لە دەوری کۆببنەنەوەو پێکەوە فشار بخەنە سەر دەسەڵات کە مەیدانەکە چوڵ بکەن و دەستبەرداری دەسەڵاتداری لەم شێوەیە بن، بەمەبەستی فشارکردنە سەر هەردو لایەنی (پارتی و یەکێتی) پێویستە لە سەر هێزە چەپ و کۆمەنیستەکان ڕابەرایەتی و پێشرەوایەتی ئەو بزوتنەوەی ناڕەزایەتیە بکەن دوور لە چەمکی ئایدیولۆژی، خاڵی هاوبەش و دروشمی هاوبەش و داخوازییەکانی خەڵک بکرێتە سەنتەری ئەو بزوتنەوە ناڕازی یە...

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن...**

bpeshawa@gmail.com

## درێژەی دوا وتە

تێدەگات، کە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەڵسوڕاوەکانی رووبەرووی چ ئەرکێکی قورس و هاوکات کارێکی ئینسانی بۆنەتەوە.

دیارە لەناو ئەو دۆخەدا و لەپاڵ بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەڵسوراوەکانیدا، دەیان ڕیکخراوەی ژنان و ئافرەتان و خانمانی حزبەکانی دەسەڵات و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بۆرژوازی بە قەومی و ئیسلامیەوە... هەن. کە کاری ئەو ڕیکخراونە بەجیا لە بانگەشەی خۆیان، بەگشتی نوێنەرایەتی کردنی حزبە سیاسیەکانیانە لە پەیوەند بە پرسی ژنانەوە، واتە ئەو حزبە دژی ژنانەی دەسەڵاتیان هەیە یان لە بەرەی نەیاری دەسەڵاتدان و بە ئاشکرا سەرچاوەی دنەدان بە کۆنەپەرستی و بێمافی ژنانن، بەرگری لە سیاسەت و ڕێ و شوێن و سەرچاوەی ئایدۆلۆژی رەوتەکانیان دەکەن. ئەو ڕێکخراوانە یان ئین جی ئۆیانە، تەنها دژی ژنان و مافەکانیان نین بەپێی بەرنامەی حزبەکانیان، بەڵکو هاوکات دژی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەڵسوراوەکانیان و هەموو جموجۆڵێکی پیشەکەوتنخوازانەن.

کێشمەکیشی نیوان ئەم دوو بەرە و ئۆردووە، بەشیکە لە ململانێیەکی ئاشکرای ناو کۆمەڵگەی کوردستان... چۆن ململانێی نێوان چینی کریکار و بۆرژوازی، واقعیەت و مۆتۆری جولەی کۆمەڵگەیە و حزبەکان نوێنەرایەتی لایەکی ئەو ململانییە دەکەن، ئاواش ڕێکخراوەکانی ژنان و هەڵسوراوەکانی، لە بازنەی ئەم ململانێ چینایەتیەدا مانا پەیدا دەکەن و رۆڵی خۆیان دەگێرن. ڕێکخراوەکانی ژنانی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە قەومی و ئیسلامیەکەی، لە هیچ بۆنەیەکی ژنان و لە پەیوەند بە مافەکانی ژنانەوە، خاوەنی هیچ رۆڵێکی بەرجەستەی پۆزەتیف نین و ئەگەر لە برگەیەکدا یان بۆنەیەکدا خۆیان بە پرسێکی ژنانەوە هەڵدەواسن یان بەشداری لە کەمپینە گشتیەکاندا دەکەن، لە بنەرەتدا بەدوای ئامانجی ترەوەن کە ئاسۆی سیاسی بزوتنەوە سیاسیەکەیان چوارچێوەی پێداوە.

ڕێکخراوە ژنان و ئین جی ئۆکانی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن، لە رۆژ و هەفتەی بەرەنگاربوونەوە دژ بە توندوتیژی ژنان، یان لە هەشتی مارس و بۆنەکانی تری پەیوەست بە ژناندا خۆیان نیشان دەدەن و بەشداری دەکەن، تاخۆیان بە بزوتنەوەی نارەزایەتی ژنان، هەڵبواسن.... بەڵام هاوکات دەیان و سەدان پاساو و بیانوو بۆ توندوتیژی و بەرگری لە پیاوسالاری دەهێننەوە. چونکە بەشێکن لە ماکینەو ماشینی حزبییان، بۆ یەک جار ئەم ڕێکخراوانە، بەدژی پەیام و سیاسەت و نەریتی حزبەکانیاندا، نەوەستاونەتەوە و رووبەروویان نەبونەتەوە و نابنەوە.

لەناو دڵی ئەو دۆخە ئاشکرا و بەرجەستەیەدا، تەنها بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و چەپ و کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوەکانی بەدژی ستەم و بیمافی و هەڵاواردنی ژناندا، راوەستاوانەو بێ ئەمماو ئەگەر وەستانەتەوە، بێ ئەمما و ئەگەر هۆکار و سەرچاوەکانی ستەم کیشی و بێمافی ژنانیان خستۆتە ڕوو، وە ئەوەیان خستۆتە روو کە ستەم کیشی ژنان لە بنەرەتدا ریشەی لە ململانییەتی چینایەتیدایە و نیزامی سەرمایەداری ئەمڕۆ سەرچاوەی بێمافی و ستەم و هەڵاواردنەکانی ژنانی ئەم سەردەمەیە.

ئەم رەوتی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانە بە حزب و ڕیکخراو گروپە سیاسیەکانیانەوە تا دەگاتە ڕێکخراوە ژنان و هەڵسوڕاوەکانی، هۆکارێکی سەرەکی ناساندنی مافەکانی ژنان و سەرچاوەی بیمافیەکانی ژنانی نیشان داوە، بەدژی پیاو سالاری و کوشتنی ناموسی و سەرجەم بێمافیەکاندا دەنگی هەڵبڕیووە، مۆری خۆی داوە لە واقعیەتی کۆمەڵگەی کوردستان. یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژن و پیاو، قەدەغەکردنی کوشتنی ژنان لە ژێر هەر بەهانەیەکدا، وەستانەوەی راشکاو بەدژی کۆنەپەستی، بەدژی حزبەکانی دەسەڵات و رەوتە دژە ژنەکان، بەدژی خێڵی فەلای فتواچی...تاد. کاری ئەم رەوتە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بووە. هەر ئەوەش وای کردووە بەشیک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و هەڵسوڕاوەکانی، بە ناچاری یان ریاکارانە خۆیان لەگەڵ خواستێک یان دروشمێکی ئەم بزوتنەوەیەدا بگونجێنن، بەڵام بێ ئەوەی بەکردەوە ببنە نوێنەری ئەو خواست و داواکاریانە.

لە ئیستادا کە هەفتەکانی روو بەرووبوونەوەی توندوتیژییە، بەجیا لەهەموو بێمافی و ستەمە جیاوازەکانی سەر ژنان و توندوتیژی و هەراسانکردنەکان... تاد، پرسی هەمواری یاسای باری کەسێتی، کە بەیاسا رێگا بە زەواجی کچی ٩ ساڵان دەدات و دەستی سەرۆک عەشیرەت و خێزان ئاوەڵادەکات لەدەرەوەی یاسا و بەپێی عورف و نەریتی هۆز و عەشیرەت، پرسی بەشودانی کچان بەڕێوە ببەن، مەترسی ترین دۆسیەیە بەدژی ژنان و منالان و سەرجەم کۆمەڵگە... بۆیە ئەرکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و هەڵسوڕاوەکانیەتی، لەناو دڵی دەیان و سەدان کیشەو بیمافی ژناندا، مەسەلەی رووبەرووبوونەوە لەدژی هەمواری ئەم یاسایە بکەنە میحوەری کاری ئەم بڕگەیە و ڕیگە نەدەن یاسایەکی لەو جۆرە لە پەرلەمانی عێراق تێبەپڕیت، ئەم یاسایە بە یاسایی کردنی دەستریژی سێکسییە بۆسەر منالانی کچی ٩ ساڵە.

دیارە لەپاڵ بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و رەوتی ئینسان دۆست و مۆدێرنیزمی کۆمەڵگەدا، ئەرکی حزب و رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانە، بەکردەوە لە ریزی پیشەوەی ئەم نەبەردەدا بن بۆ بەشکست کیشانی یاسای هەمواری باری کەسێتی...

**کۆتایی نۆفەمبەری ٢٠٢٤**

ساڵی هەشتەم ژمارە (180) بەرواری 1-12-2024

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net


هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

توانا محەمەد نوری،کاکە لاو تەحسین، ڕێبوار حەمە شەریف، نەجمەدین فارس، بەندی عەلی، وریای رەسام، عەلی محەمەد، سەلام سەعید، ڕێبوار یاسین، ئەبو کاروان، کاوان قادر، ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود،... لەگەڵ ژمارەیەک ژنی ناڕازی...

دۆسیەی ژمارە "هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان"؟

## هۆنراوەیەکی بەندی عەلی




رۆژانێکی چەند ترۆیە
بەدەست هەندێ زاتەوە !!
هیچەکان دەکرێن بەزۆر و
کاڵەکان دەکرێن بەبۆر و
حەق پیرە دارێکە، لات و
لەسەر پشت باوێشک ئەدات و
گوڵم ، خەو ئەیباتەوە ..
رۆژانێکی چەند ترۆیە
بەدەست هەندێ زاتەوە !!
سەوڵی زانین بەدەست نەزانی گرگنە ..
کەشتیی بێ چارۆکەی بەختی
ئەهلی زانستیش کون کونە ..
بێ ئەدەب موختاری کوچەی
شاری گەوهەر فرۆشانە ..
شاعیرێکیش دیوانەی نێو
دیوانی (کۆماری نانە)* ..
تەرازووی داد شەل و کوێرە ..
تامی زادو نمەک، سوێرە ..
ئەم نیشتمانە ئەشکەوتەوە
گوڵم، دەنگ ئەداتەوە ..
رۆژانێکی چەند ترۆیە
بەدەست هەندێ زاتەوە !!
........................................

* کۆماری نان ئاماژەیە بۆ دیوانە شیعرێکی هاوڕێم سەلام مستەفا...

## دوو بەرهەمی هونەرمەند وریای رەسام




دوا وتە

# ئەولەویەت و جێگاو ڕێگای بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان لە هەفتەی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بەژناندا!

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

لە ٢٥ ی مانگی نۆڤەمبەری هەموو ساڵیکدا، ژنان و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ریکخراوەکانیان، کەسایەتیەکانی بەرگری لە مافی ژنان، لە لەزوربەی وڵاتانی دنیادا، دەست دەدەنە چەندین چالاکی جۆراو جۆر و کەمپەینی دیاریکراو بەدژی توندوتیژی لە دژی ژنان وەڕێ دەخەن. ئەم نەریتە لە کوردستانیش لەلایەن بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ڕیکخراوە ژنانەکانەوە، جێ کەوتووەو هەموو ساڵیک دوو هەفتە وەکو رەمزی بەرەنگاری بەدژ توندوتیژی لە دژی ژنان، چالاکی وەڕێدەخەن.

توندوتیژی لە دژی ژنان لەژێر سایەی دەسەڵاتی نەتەوەپەرستەکانی کورددا، بێداد دەکات... توندوتیژی و بێمافی ژنان لە کوردستاندا، هێندە دڵرەقانەو بەرینە، ئینسان بە چاوخشاندنێکی کورت بەسەر رۆژنامەو میدیاکان و تەنانەت بە نیگاکردن لە کۆمەڵگەو خیزانەکان و شەقام، دەتوانرێت، بە سادەیی ببینرێت.

هەواڵی کوژرانی ژنان، دەستدریژی بۆسەر ژنان، خۆسوتاندنی ژنان، خۆ خنکاندنی ژنان، لێدان لە ژنان، هەراسان کردنی ژنان لە شوێنی کار، گێچەڵەکانی سۆشیال میدیا، حیجاب کردنی منداڵان، لەپاڵ بانگەشەی مەلای دەست ئاواڵاکراو بۆ هێرش بۆسەر ژنان، فتوای بەردەوامی مەلاو وەزارەتی ئەقاف و دەست وەردانیان لە ورد و درشتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و پەروەردەیی و کەلتوری... تا دەگاتە یاسای کۆنەپەرستانەی سەرچاوە گرتوو لە شەرع و دین، هێندە بەرجەستەیە و بۆتە پەڵەیەکی نەنگ بە ناوچەوانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی.

جیا لەوانە لە کوردستان گۆرستانی ژنانی بێ ناونیشان هەیە، کە ئەگەر ئەوە لەلایەکەوە نیشانە و گەواهی دەری کوشتنی ئاشکرای خۆشەویستی و ژنان بێت، هاوکات گەواهی دەری دەسەڵاتێکی دژە ژن و کۆنەپەستیە.

لەناو ئەو دۆزەخستانەدا کە بۆژنان سازکراوە، ئەرکی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان یەکجار قورس و هەمەلایەنەیە. ئینسان کاتێک ئەو هەموو هێرش و پەلامارە بۆسەر ژنان و مافەکانیان دەبینێت،

بۆ لاپەڕە 13